# Aesthetic in Multigenre texts of Sherko Bekas's "a Girl is My Homeland Now" in the perspective of literary critical aesthetic and critical school of Frankfurt

Sirwan Jabar Amin[1], Kadhim Shekh Hussein [2]
Soran University – Faculty of Arts – Kurdish Department

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2574.54*

*Published: 15/1/2025*

## *Abstract*

*The aesthetic theory is one of the important achievements of the Frankfurt School, its view of literature and the beautiful aspect of knowledge is a critical one. In other words, this theory places great emphasis on the critical dimension of literature and believes that literary texts carry within themselves a critical view of political power, social environments and the reality of society. This research is entitled (Aesthetics of the multigenre texts of Sherko Bekas's "A girl is my homeland now" from the Perspective of Critical Aesthetic Theory of Frankfurt School). The aim is to use this theory to interpret and illustrate the aesthetics of Sherko Bekas's Multigenre text (A girl is my homeland). In order to achieve this, the study used a descriptive-analytical methodology and attempted to ground this theory in knowledge of original literature and art. Working on the multigenre text (A girl is my homeland) and through it to show the characteristics and principles of this theory in the text and finally show that this text is consistent with this theory's view of art and literature.*

***Keyword**: Aesthetics, Critical Aesthetic Theory, Frankfurt School, Sherko Bekas*

# جوانیناسیی دەقی "ئێستا کچێک نیشتیمانمە"ی شێرکۆ بێکەس لە ڕوانگەی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی قوتابخانەی فرانکفۆرت

پ. د. سیروان جەبار ئەمین (زەند)
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
Sirwan.amin@soran.edu.iq

م. ی. کاظم شێخ حسێن
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
kadhim.hussein@soran.edu.iq

## پوختە

تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی، یەکێکە لە دەستکەوتە گرنگەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، دید و تێڕوانینی ئەم تیۆرە بۆ ئەدەب و لایەنە جوانیناسییەکەی تێڕوانینێکی ڕەخنەییە، بەو واتایەی ئەم تیۆرە زۆر جەخت لە سەر ڕەهەندی ڕەخنەگرانەی ئەدەب دەکاتەوە و پێیوایە، دەقی ئەدەبی لە هەناوی خۆیدا هەڵگری ڕوانینێکی ڕەخنەییە سەبارەت بە دەسەڵاتی سیاسی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و واقیعی کۆمەڵگا. ئەم توێژینەوەیەش کە بە ناونیشانی (جوانیناسیی دەقی "ئێستا کچێک نیشتیمانمە"ی شێرکۆ بێکەس لە ڕوانگەی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی قوتابخانەی فرانکفۆرت)ە، ئامانج لێی ڕاڤە و نیشاندانی جوانیناسیی دەقی والای (ئێستا کچێک نیشتیمانمە)ی شێرکۆ بێکەسە لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە. بۆ ئەم مەبەستەش لە توێژینەوەکەدا پێڕەوی ڕێبازی (وەسفی- شیکاری) کراوە و هەوڵدراوە لە سەر بنەمای تێگەیشتنی ئەم تیۆرە بۆ هونەر و ئەدەبی ڕەسەن، کار لە سەر دەقی والای (ئێستا کچێک نیشتیمانمە) بکرێت و لە ڕێگەیەوە تایبەتمەندی و بنەماکانی ئەم تیۆرە لە دەقەکەدا نیشانبدرێت. دواجار ئەوە دەربخرێت، کە ئەم دەقە لەگەڵ ڕوانگەی ئەم تیۆرە بۆ هونەر و ئەدەب کۆک و تەبایە و دەقی ڕەسەنە و بنەماکانی ئەم تیۆرەی لە سەر جێبەجێدەبێت.

**وشە کلیلییەکان:** جوانیناسی، تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی، قوتابخانەی فرانکفۆرت، شێرکۆ بێکەس

## پێشەکی

تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی، یەکێکە لە دەستکەوتە گرنگەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، دید و تێڕوانینی ئەم تیۆرە بۆ ئەدەب و لایەنە جوانیناسییەکەی تێڕوانینێکی ڕەخنەییە، بەو واتایەی ئەم تیۆرە زۆر جەخت لە سەر ڕەهەندی ڕەخنەگرانەی ئەدەب دەکاتەوە و پێیوایە دەقی ئەدەبی لە هەناوی خۆیدا هەڵگری ڕوانینێکی ڕەخنەییە سەبارەت بە دەسەڵاتی سیاسی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و واقیعی کۆمەڵگا، لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە، ئەدەب لە کاتێکدا کۆمەڵایەتییە، کە دژ و بەرانبەری کۆمەڵگا بوەستێت، نەک ئەوەی ڕەنگدانەوەی بێت. بۆیە ئەم تیۆرە زۆر جەخت لە سەر لایەنی نەرێنی و ڕەتکەرەوەی ئەدەب دەکاتەوە. پێیوایە، ئەدەبی ڕەسەن ئەو ئەدەبەیە، کە لە جەوهەری خۆیدا لەخۆگری ڕەهەندێکی ڕەخنەگرانە و فۆرمێکی جوانیناسانەیە. ئەم توێژینەوەیەش کە بە ناونیشانی (جوانیناسیی دەقی "ئێستا کچێک نیشتیمانمە"ی شێرکۆ بێکەس لە ڕوانگەی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی قوتابخانەی فرانکفۆرت)ە، هەوڵێکە بۆ ڕاڤەی ئەم دەقە لە ڕوانگەی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەییەوە.

ـ **سنور و چوارچێوەی توێژینەوە:** تەنیا لە چوارچێوەی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی و دەقی (ئێستا کچێک نیشتیمانمە)دایە، بەڵام لەبەر کورتی سنور و مەودای توێژینەوەکە، ئێمە تەنیا کارمان لە سەر ڕەهەندە ڕەخنەییەکانی دەقەکە کردووە و نەپرژاوینەتەسەر فۆرمی دەقەکە، لە ڕەهەندە ڕەخنەییەکانیش تەوەرە سەرەکییە ڕەخنەییەکانی دەقەکەمان وەرگرتووە.

ـ **ڕێبازی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا پێڕەوی لە ڕێبازی (وەسفی ـ شیکاری) کراوە.

ـ **پرسیارەکانی توێژینەوە:** لە ژێر ڕۆشنایی دید و تێڕوانینی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی، لەم توێژینەوەیەدا لە هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەدا دەبین:

ـ شێرکۆ بێکەس هاوڕا لەگەڵ بیرمەندانی تیۆری جوانیناسی ڕەخنەیی تا چ ڕادەیەک تێڕوانینێکی ڕەخنەیی هەیە؟

ـ تەوەرە سەرەکییە ڕەخنەییەکانی دەقەکە چین؟

ـ ئایا شێرکۆ بێکەس زیاتر تێڕوانینێکی ئەرێنی یان نەرێنی و ڕەتکەرەوەی سەبارەت بە کۆمەڵگا هەیە؟

ـ ئایا دەقی (ئێستا کچێک نیشتیمانمە)ی شێرکۆ بێکەس، بەپێی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی لە قاڵبی ئەدەبی ڕەسەن جێدەگرێت؟

ـ **گرنگی توێژینەوە:** لەم خاڵانەی خوارەوە بە دیاردەکەوێت:

ـ بواری جوانیناسی (ئیستێتیک) لە دابەشکردنە نوێیەکانی لقەکانی ئەدەبیاتناسی بە لقێکی سەربەخۆ دادەنرێت، تاوەکو ئێستا لە ئەدەبی کوردیدا ئاوڕێکی جددی لە تیۆر و بۆچوونەکانی ناوی نەدراوەتەوە. ئەم توێژینەوانەی لەم بوارەدا بەرچاودەکەون زیاتر بەرەو ئاڕاستەی بنیاتی

هونەریی دەق چوون و کەمتر ئاوڕیان لە تیۆر و بۆچوونەکانی ناو بواری جوانیناسی داوەتەوە. بۆیە بە پێویستمان زانی، توێژینەوەکە بۆ ئەم بوارە تەرخانبکەین و لەم ڕووەوە توێژینەوەکە جێگای بایەخە.

ـ کارکرنە لە سەر یەکێک لە تیۆرە نوێیەکانی ناو بواری جوانیناسی، کە (بە پێی ئاگاداری و بەدواداچوونی ئێمە) تاوەکو ئێستا لە ئەدەبی کوردی ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە.

ـ **پێکهاتەی توێژینەوە:** جگە لە پوختە، پێشەکی، ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم، لایەنی تیۆری توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت و تیایدا تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی قوتابخانەی فرانکفۆرت بە تێروتەسەلی خراوەتەڕوو. هەرچی بەشی دووەمە، لایەنی کارەکی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت و تیایدا هەوڵدراوە لە ڕوانگەی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی، سەرەکیترین ڕوانگە و تەوەرە ڕەخنەییەکانی شێرکۆ بێکەس لە دەقەکە بخرێنەڕوو.

## ١ـ بەشی یەکەم

### ١ـ١ تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی

ئەم تیۆرە بە گشتی بە بەرهەمی هەریەکە لە بیرمەندان؛ هۆرکهایمەر و بە تایبەتی تر ئادۆرنۆ و مارکۆزە دادەنرێت. ئەم تیۆرە بە یەکێک لە تیۆرە هەرە دیار و گرنگەکانی جوانیناسیی مۆدێرن هەژماردەکرێت، کە توانی ڕوانگە و بۆچوونێکی نوێ لە کایەی جوانیناسیدا بێنێتەکایەوە، کە تاوەکو ئێستاش دید و جیهانبینی ئەم تیۆرە بۆ هونەر و ئەدەب جێگای تێرامان و گرنگیپێدانە. لە ناو جوانیناسیی مۆدێرندا توانیویەتی درێژە بە ژیانی خۆی بدات و بە زیندوویی بمێنێتەوە و کاریگەری لە سەر ڕوانگە و بۆچوونەکانی دوای خۆی لە بواری جوانیناسیدا جێبهێڵێت. ئەم تیۆرە لە ناخی قوتابخانەی فرانکفۆرت و تیۆری ڕەخنەیی سەریهەڵداوە "لە تیۆری ڕەخنەیی قوتابخانەی فرانکفۆرت بۆ تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی دوورییەکی وا نییە، واتە، ئەوەندە لە یەکتریش دوور نین، بەڵکو پێکەوە بەستراون و ئاوێتەی یەکتر بوونە. تیۆری جوانیناسی هەم ڕەخنەیە و هەم فەلسەفە و تاکە ڕێگا و ئامرازێکە، کە بوون بە هونەر دەبەخشێت. گرنگی بە پێگە ڕەسەنەکەی ئەو دەدات و هەڵیدەسەنگێنێت" (چیانە و دیگران، ١٣٩٩: ٦). لە قوتابخانەی فرانکفۆرتدا بابەتی هونەر و ئەدەبیات بە یەکێک لە بابەتە هەرە سەرەکییەکانی دادەنرێت، کە بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت گفتوگۆ و توێژینەوەیان لەبارەوە کردووە. ڕوانگە و بۆچوونی نوێیان لەبارەیەوە خستووەتەڕوو. ئەم گرنگی پێ دانەی فرانکفۆرتییەکان بە جوانیناسی تا ئاستێک دەچێتە پێشەوە، کە هونەر و ئەدەبیات وەکو دەرچەیەک و کلاورۆژنەیەک دەبینن بۆ دەرچوون و ڕزگاربوون لە هەموو ئەو لێکەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییە خراپ و نەرێنییانەی نێوان هەردوو شەڕی جیهانی و سەرمایەداری و ئەو ناعەقڵانییانەی باڵی بە سەر کۆمەڵگای

ڕۆژئاواییدا کێشابوو. بە واتایەکی تر، لە نێوان هەردوو شەڕی جیهانی، کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ڕووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری ببوویەوە، لە لایەکەوە دامەزراندنی کۆمەڵگای سۆسیالیستی لە سەر بنەمای شورا، کە ئەنجامەکەی ناتەبا و دژیەکبوو لەگەڵ خۆی. لە لایەکی تریشەوە، گەشەسەندنی سەرمایەداری لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان. سەرەڕای هەموو ئەمانەش دەرکەوتنی نازیزم و فاشیزم بیر و هزری بیرمەندان بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت. لەم کاتەشدا بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بە تایبەت هۆرکهایمەر، ئادۆرنۆ و مارکۆزە سەرنج دەخەنەسەر عەقڵ و دژی ئەم نەفامی و ناعەقڵانییەی دەوەستنەوە، کە دەستی بە سەر جیهاندا داگرتووە و دادگایی دەکەن. (عباسی، ١٣٨٨: ٢٧ـ ٢٨) ئەم گرنگیدانەی فرانکفۆرتییەکان بە هونەر و ئەدەبیات ئەنجامەکەی دەرکەوتنی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەییە. بە واتایەکی تر، لە بواری هونەر و ئەدەبیاتدا، ئەوەی لە هەناوی قوتابخانەی فرانکفۆرت دەرکەوت، تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی بوو.

تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی بناغەکەی لە سەر جوانیناسیی مارکسیستی بنیاتنراوە و بووە بە بنەمایەک بۆی. بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت توانیویانە، گەشە بە بیر و هزرەکانی جوانیناسیی مارکسیستی بدەن، تەنانەت دژی بۆچوونەکانی بوەستنەوە. بەمەش دواجار توانیویانە ڕەوت و ڕێچکەیەکی تر لە بواری جوانیناسی بێننەکایەوە، کە بریتییە لە تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی "یەکێک لە گرنگترین ڕەوتە فیکری و فەلسەفییەکان، کە لە باسگەلی جوانیناسی جەختی لە سەر بواری ژیانی کۆمەڵایەتی کرد و لەم ڕێگەیەدا تیۆرگەلی گرنگ و جیاواز و تەنانەت کەم تا زۆر پێکناکۆکی لە پانتایی ئاخێوی جوانیناسی و فەلسەفەی هونەر دامەزراند، مارکسیزم بوو" (ئەحمەدی، ٢٠٠٨: ٢١٥). فرانکفۆرتییەکان پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوەیان لە جوانیناسیی مارکسیستی کرد و بە دید و ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کرد و خستیانە ژێر پرسیارەوە و کەموکوڕییەکانیان ئاشکراکرد. بەمەش توانییان لە ڕێگەی ڕەخنەگرتن لە جوانیناسیی مارکسیستی خۆیان پێناسە بکەن.

مارکۆزە لە کتێبەکەی خۆیدا (ڕەهەندی جوانیناسی بەرەو ڕەخنەیەک لە جوانیناسیی مارکسیستی) بنەما سەرەکییەکانی جوانیناسیی مارکسیستی لە شەش خاڵدا دەخاتەڕوو: (مارکۆزە، ٢٠١٧: ١٤ـ ١٥)

1. لە نێوان هونەر و بنەمای مادی (چینی کۆمەڵایەتی)دا، لە نێوان هونەر و کۆی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا، پەیوەندییەکی دیاریکراو هەیە. لەگەڵ گۆڕانی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان، هونەریش وەک بەشێک لە سەرخان، لە ئاستی فۆڕمدا گۆڕانی بە سەردا دێت. ئەگەرچی ڕەنگە وەکو ئایدۆلۆژیاکانی تر لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان دوابکەوێت یان پێشوەخت ڕاییگەیەنێت.

2. لە نێوان هونەر و چینی کۆمەڵایەتیدا پەیوەندییەکی دیاریکراو هەیە. هونەری ڕەسەن و حەقیقی و پێشکەوتوو، تەنیا تایبەتە بە چینی تێپەڕێنەر (ascending)، تەنیا هونەریش وشیاری ئەم چینە دەردەبڕێت.
3. (بکەر)ی سیاسی لەگەڵ توخمی جوانیناسیدا، ناوەڕۆکی شۆڕشگێرانە لەگەڵ چۆنیەتیی هونەری، لە ئەنجامدا بەیەکدەگەن و بەریەکدەکەون.
4. نووسەر دەبێت بەرژەوەندی و پێداویستییەکانی چینی تێپەڕێنەر ڕابگەیەنێت. (لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا پرۆلیتاریا چینی تێپەڕێنەرە).
5. چینێکی ڕوو لە فەوتان و تیاچوون، نوێنەرەکانی ناتوانن شتێکی تر، جگە لە بەرهەمهێنانی هونەری "پەست" بەرهەمبهێنن.
6. مەبەست لە ڕیالیزم، لە هەر مانایەکدا، ئەو فۆرمە هونەرییەیە، کە بە باشترین شێوە چاودێری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، لەم ڕووەوە فۆرمی هونەری بە تەواوی دروستە.

ئەگەرچی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی لە هەناوی جوانیناسیی مارکسیستی سەریهەڵدا و خەملی، بەڵام ڕێبەرانی ئەم تیۆرە بە تەواوی دژ و پێچەوانەی جوانیناسیی مارکسیستی بیردەکەنەوە و ڕەخنە لە بابەتی سەرخان و ژێرخان و بەخشینی تایبەتمەندیی ئایدۆلۆژی و سیاسی و چینایەتی بە ئەدەب دەگرن و دەیخەنە ژێر پرسیارەوە. چونکە "قوتابخانەی فرانکفۆرت ئەو تێزە مارکسییەیان لە مەڕ سەرخان ڕەتکردەوە، کە شتەکانی دیکەی وەک: (ئاین و هونەر و یاسا و مۆڕاڵ)، وەکو ڕەنگدانەوەیەکی ژێرخانی ئابووری سەیردەکرد. بە پێچەوانەی ئەوەوە، ئەوان جەختیان لە سەر ئەو دینامیکییەتە تایبەتە دەکردەوە، کە لە ناو ئەو کایانەدا هەیە. بۆ نموونە، دەشێت هونەر ببێتە ئامرازێک بۆ چەواشەکردنی هۆشیاری جەماوەر (وەکو مارکسیزم جەختی لە سەر دەکاتەوە)، گەر فۆرمێکی پیشەسازیی کولتووری وەرگرت، بەڵام هاوکات دەشێت ببێتە هەڵگری وەعد و بەڵێنێک بۆ گۆڕینی کولتووری جیهان. بێگومان کاری هونەری ڕەگەزی ئەفسانەیی لەخۆدەگرێت، بەڵام خودی ئەو ڕەگەزانە بە حوکمی ئەو وزە ئازادییەی لە هونەردایە، ئەگەری ئەوە هەیە، هەڵبگەڕێتەوە و بگۆڕێت بە مێژوو" (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠٢٢: ١٩٦). ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە جیاواز بیرکردنەوە و سەرنجدان لە هونەر لای فرانکفۆرتییەکان نەک هەر دەبێتە جیابوونەوە و جیاوازی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی لە جوانیناسیی مارکسیستی، بەڵکو دەبێتە پانتاییەک، کە جیابوونەوەی قوتابخانەی فرانکفۆرت لە مارکسیزم لێیەوە سەرچاوەدەگرێت" هونەر بابەتێکە، کە "قوتابخانەی فرانکفۆرت" لە مارکسیزمی کلاسیک جیادەکاتەوە و جیاوازی نێوانیان دەردەخات، چونکە تیۆری ڕەخنەیی وەک مارکسیزمی کلاسیک باوەڕی بە سەرخان بوونی کولتوور و هونەر نییە، بە گشتی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەی ژێرخان

و سەرخان لە بواری کولتووردا قەبوڵناکات. لای ئەوان کولتوور و هونەر پێگەیەکی تایبەتی هەیە و هەر بەم هۆیەوە زۆرێک لە کەسایەتییەکانی تیۆری ڕەخنەیی بەشێکی هەرە زۆری بەرهەمەکانیان لەبارەی کولتوور و هونەرە" (بی نام، ١٣٨٧: ٥٢).

لە نێو بیرمەندانی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی، مارکۆزە یەکێکە لەوانەی کە زۆرترین ڕەخنەی لە جوانیناسیی مارکسیستی گرتووە، لە ڕێگەی خستنەڕووی کۆمەڵێک پرسیار، لەم ڕووەوە جوانیناسیی مارکسیستی دەخاتە ژێر پرسیارەوە: "ئایا هونەر بۆی هەیە ئەو چۆنیەتییانەی هەبێت کە بە دۆخی تایبەتی کۆمەڵایەتیدا تێدەپەڕن؟ یان ئەم چۆنیەتییانە چۆن لەگەڵ دۆخی تایبەتی کۆمەڵایەتیدا لە پەیوەندیدان؟ جوانیناسیی مارکسیستی هێشتا ئەم پرسیارەی نەپرسیوە: ئەو چۆنیەتییانەی هونەر کامانەن کە بە فۆڕم و ناوەڕۆکی تایبەتی کۆمەڵایەتی تێدەپەڕێن و تایبەتمەندیی گشتی و فرەلایەن دەبەخشنە هونەر؟" دواتر دەڵێت: "جوانیناسیی مارکسیستی دەبێت ئەمە شرۆڤە بکات، بۆ وێنە، بۆچی تراژیدیا یۆنانییەکان و ئەدەبیاتی پاڵەوانێتی هێشتاش دەکرێت وەکو ئەدەبیاتی شکۆدار و ڕەسەن ئەزموون بکەین، کە یەکێکیان باسی کۆمەڵگای بەردەداری کۆن و ئەویدیش باس لە فیئۆدالیزم دەکات" (مارکۆزە، ٢٠١٧: ٣١ـ ٣٢). مارکۆزە درێژە بە بابەتەکە دەدات و پێیوایە، وابەستەکردنی ئەدەبیات بە پێوەندییە تایبەتیەکانی بەرهەمهێنان و ڕاڤەکردنی دەقی ئەدەبی بەپێی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتیی دەقەکە ناتوانێت هیچ شتێکمان لەبارەی باشی و جوانی و حەقیقەتی دەقەکە پێ بڵێت، لەم بارەیەوە دەڵێت: "تا هەر ڕادەیەکیش شیعر و ڕۆمان و شانۆنامەیەک بە دروستی و بەپێی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی ئانالیزمان کردبێت، هێشتا وەڵامی ئەو پرسیارەمان نەداوەتەوە، کە ئەم بەرهەمە تایبەتە چاکە؟ جوانە؟ و ناکرێت سەرلەنوێ ئەم پرسیارە بە پێوەندییە تایبەتەکانی بەرهەمهێنان، کە بریتییە لە بەستێنی مێژوویی بەرهەمەکە، وەڵامبدرێتەوە" (مارکۆزە، ٢٠١٧: ٣٢). ئەمەش وا لە بیرمەندانی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی دەکات قەناعەتیان بە ڕوانگە و بۆچوونی مارکسیزم نەبێت و لە گۆشەیەکی ترەوە سەیری بابەتەکە بکەن. لە هەمانکاتدا، وەڵامێک سەبارەت بەو پرسیار و ڕەخنانە بدەنەوە، کە لە جوانیناسیی مارکسیستی دەگرن.

تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی دژی بەخشینی تایبەتمەندیی چینایەتی بە ئەدەب دەوەستێتەوە و ڕەخنەی لێدەگرێت. مارکۆزە پێیوایە، هەڵسەنگاندنی بەرهەمێکی ئەدەبی لە سەر بنەمای جیهانبینی چینێکی تایبەت کارێکی هەڵەیە. بە واتایەکی تر، مارکۆزە پێیوایە، بە ڕەسەن دانانی بەرهەمێک لە سەر بنەمای ئەوەی کە دەربڕی جیهانبینی چینێکە، ئەمە بە واتای ڕەسەن بوونی بەرهەکە نییە، وەک ئەوەی بڵێیت، ئەم بەرهەمە چونکە گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانی چینی پرۆلیتاریا یان بۆرژوا دەکات، کە بەرهەمێکی ڕەسەنە، لە ڕوانگەی مارکۆزەوە، ئەمە نابێتە دیاریکەری ڕەسەن بوون و نەبوونی بەرهەمێک، لەبەرئەوەی هونەر خواستێکی گشتگیری و گەردوونی، واتە، مرۆڤایەتیی هەیە. بۆیە ناکرێت ئەو خواستە گشتگیری و مرۆڤایەتییەی هونەر لە سەر بنەمای جیهانبینیی چینێکی دیاریکراو و تایبەت بنیاتبنرێت. لە ڕوانگەی مارکۆزەوە هیچ

چینێک تەنانەت پرۆلیتاریا یان چینی جیهانی مارکسیش توانای بەدەستهێنانی ئەو گشتگیرییەی هونەری نییە. ئاوێتەبوونی هەستەکانی وەک خۆشی و ناخۆشی، ئومێد و نائومێدی، غەریزەی ژیان (ئیرۆس) و غەریزەی مردن (تاناتۆس)، ناتوانرێت لە بابەت و پرسەکانی خەبات و بەرخودانی چینایەتی بتوێندرێتەوە (مارکۆزە، ٢٠١٧: ٣٣)، چونکە ئەمانە هەستێکی گشتگیر و مرۆڤایەتین و تایبەت بە چینێک نین.

جوانیناسیی مارکسیستی ڕۆڵ و تایبەتمەندییەکی سیاسی دەبەخشێتە هونەر و هونەر دەکاتە ئامرازێک بۆ گەیاندنی ڕوانگە سیاسییەکانی، بەڵام مارکۆزە دژی ئەم بۆچوونە دەوەستێتەوە، دەڵێت: "بە پێچەوانەی "جوانیناسیی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس" من وزەی سیاسی لە خودی هونەردا دەبینم، واتە، لە هەمان فۆرمی جوانیناسییەکەی خۆیدا. سەرەڕای ئەمە، قسەی من ئەوەیە هونەر لەبەر فۆرمی جوانناسەکییانەی خۆی و لەهەمبەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە هەبووەکاندا، تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆیە" (مارکۆزە، ٢٠١٧: ٨). چونکە لە ڕوانگەی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی "فۆرمی ئەدەبی بەرهەمێک گشتیتر و بەربڵاوترە لە مەیلە سیاسییەکەی. بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە سیستەمی سەرمایەداری و مارکسیستی باسی لێوە دەکرێت، کە هونەر دەبێت لە خزمەت نیەت و مەبەستە سیاسییەکان بێت، لە تیۆری ڕەخنەییدا، هونەر جیاواز یا سەربەخۆ لە ئایدۆلۆژیاکانی سیاسەت کاردەکات" (طاهانسب، ١٣٩٨: ١٢٩)، تیۆری جوانیناسی ڕەخنەیی خەسڵەت و تایبەتمەندیی چینایەتی و ئایدۆلۆژی و سیاسی لە هونەر دادەماڵێت و هونەر بە سەربەخۆ لە مانە دەبینێت و خەسڵەت و تایبەتمەندیی سەربەخۆیی بە هونەر دەبەخشێت.

بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت نەک هەر ڕەخنە لە مارکسیزم دەگرن و دژی دەوەستنەوە، بەڵکو لە بەرانبەر ڕێبازی پۆزەتیڤیزمیشدا هەڵوێست وەردەگرن و دژی دەوەستنەوە و ڕەخنەی لێدەگرن. چونکە لە ڕوانگەی ئەم بیرمەندانەوە "بە شێوەیەکی گشتی پۆزەتیڤیزم بۆ ناسینی واقیعی کۆمەڵایەتی نەگونجاو و گومڕاکەرە، لەبەرئەوەش تەنیا سەرنج لەوە دەدات کە هەیە، ئەوا بەرگری لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی جێگیر دەکات و دەبێتە بەربەست لە بەردەم گۆڕانکاریدا (هەروەها) هۆکارێکی گرنگ و کاریگەرە بۆ پاراستنی جۆرێکی تازە لە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی لە سەردەمی سەرمایەداری دواییدا" (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠١٧: ١١)، بە واتایەکی تر، پۆزەتیڤیزم تەنیا سەرنج لەم دیاریدە و شتانە دەدات و گرنگییان پێ دەدات، کە هەن و لە هەوڵدایە یاسایەکی نەگۆڕ، وەک چۆن لە زانستە سروشتییەکان هەیە، کە بەرهەمی ئەزموون و تاقیکارییە، بە هەمانشێوە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانیش بەرهەمبێنێت، بەمەش دەبوونە پاڵپشتی سیستەمی کۆمەڵایەتی هەبوو و ڕێگرییان لە گۆڕانی بارۆدۆخی هەبووی کۆمەڵگا دەکرد، بەڵام تیۆری ڕەخنەیی پێچەوانە و دژی ڕوانگەی پۆزەتیڤیزم خۆی دەنوێنێت، بەپێی ئەم تیۆرە "لە زانستی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیدا تەنیا دیاریکردن و دەرخستن و ئاشکراکردنی "ئەوەی کە هەیە" (دۆخی هەبوو) بەس نییە، بەڵکو "ئەوەی کە نییە، بەڵام دەبێت هەبێت" (دۆخی دڵخواز و داواکراو)یش سەرنجی بدرێتێ و لەبەرچاوبگیرێت، لەبەرئەوەشە دەبێت دیاریدە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان

بە چاوێکی ڕەخنەیی سەیریان بکرێت و لێیان بکۆڵدرێتەوە... کەواتە، دەبێت ڕوناکبیران لەبارەی ئەو کۆمەڵگایەی لێی دەکۆڵنەوە ڕوانگەیەکی ڕەخنەییان هەبێت، ڕوانگەیەک کە ئامانجی سەرەکی بە ئاگاهێنانەوەی تاک و دروستکردنی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بێت" (نوزری، ١٤٠٠: ١٧ـ ١٨). ئەگەر پۆزەتیڤیزم تەنیا لە هەوڵی ستایشکردن و پاڵپشتیکردن و وەسفکردنی دۆخی هەبوو بێت، ئەوا تیۆری ڕەخنەیی لە بەرانبەر بارودۆخی هەبوودا دەوەستێتەوە و ڕەخنەی لێدەگرێت و پاڵپشتی ناکات، بەڵکو لە کۆمەڵگادا بە دوای گۆڕانکاری و دۆخێکی دڵخواز و خوازراودایە، ڕۆڵی هونەر و ئەدەبیاتیش لە وەستاوە لە دژی پۆزەتیڤیزم لێرەوە دێتەکایەوە، کە "ئەو قوتابخانەیە بە هزرێکی ڕەخنەیی لە بواری ئەدەبیات و هونەردا، بنەما و چەمکێک دەخەنەڕوو، کە بناغەیان لە سەر ڕەتکردنەوەی قوتابخانەی پۆزەتیڤیزم (positivism)، کە دۆخی هەبوو پەسەنددەکەن و پاڵپشتیدەکەن بنیاتنراوە" (طاهانسب، ١٣٨٩: ١٢٩). بە واتایەکی تر، هەموو ئەو بنەما و چەمکانەی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی لە بواری هونەر و ئەدەبیاتدا دەیانخاتەڕوو لەخۆگری ئەو ڕوانگەیەن بۆ هونەر و ئەدەبیات، کە هونەر و ئەدەبیات ناڕازی و ناتەبایە لەگەڵ دۆخی هەبوو و ڕەخنەی لێدەگرێت و بە دوای دۆخی دڵخوازدایە. لەبەرئەوەی لە ڕوانگەی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی "هونەری ڕاستەقینە توانای وێرانکردن و بناغە هەڵتەکاندنە، لەم ڕوانگەیەوە هونەر لە بەرانبەر زانستی پۆزەتیڤیزمدا ڕادەوەستێت، چونکە سیمایەکی باڵاترە لە ناسین، کە ڕووی گەڕانەوە بە دوای حەقیقەت لە ئایندەدا. شێوەی هەڵوەستەکردنی هونەرمەندانە لە بەردەم واقیعی کۆمەڵایەتیدا هاوڕێیە لەگەڵ تێڕوانین و پێشنیازگەلێک بۆ هەلومەرجی گونجاو (یان لەبار) بۆ ئایندە، لە کاتێکدا زانست تەنیا واقیعی هەبوو پیشاندەداتەوە" (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠١٧: ٢٩ـ ٣٠).

بیرمەندانی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی ئومێدێکی زۆریان لە سەر هونەر و ئەدەبیات هەڵچنیوە و وەک تاکە بوارێک دەیبینن، کە تەسلیم بە زەبری کۆمەڵگای سەرمایەداری و مودێرن نەبووە، هەروەک ئادۆرنۆ و مارکوزە لەو بڕوایەدان، کە "تەنها چوارچێوەی جوانیناسییە، کە دەتوانێت ئەو زەینییەتە بپارێزێت، کە لە لایەن پێکهاتەی کۆمەڵگای سەرمایەداریی پێشکەوتووەوە لە ژێر هەڕەشەدایە" (نوزری، ١٤٠٠: ٢٨٤). فرانکفۆرتییەکان کە ڕەخنە لە کۆمەڵگای مۆدێرن و سەرمایەداری دەگرن و هیوای ژیان و دنیایەکی باشتر دەخوازن. هونەر بە سەرەکیترین ڕێگەی گەیشتن بەو دنیا و کۆمەڵگایە دادەنێن (شاهنده و نوزری، ١٣٩٢: ٤٣)، چونکە لە ڕوانگەی فرانکفۆرتییەکانەوە، کۆی بوار و کایەکانی ژیانی مۆدێرن وەکو عەقلانیەت، زانست و تەکنەلۆجیا هۆکارێکن بۆ سەرکوت و کۆنترۆڵکردن لە کۆمەڵگاکاندا، بە دیدی ئەوان هونەر تاکە شتێکە، کە ئەو مەیلەی نییە و بەرەو ئاقارێکی وا نەڕۆیشتووە. بەڵکو بە پێچەوانەوە، هونەر بە دوای کۆمەڵگایەکی عەقڵانی و ئازادەوەیە، بە گژ سەرکوتکاری و چەوساندنەوەدا دەچێتەوە و لە پێناو ژیانێکی تازەدا کۆی سیستەمە ئەخلاقی و کولتوورییەکانی کۆمەڵگا ڕەتدەکاتەوە، ژیانێک کە ناسنامەکەی ئازادی و شادی و جوانی بێت (ئەحمەد، ٢٠١٢: ١٨٤ـ ١٨٦). بۆ ئەم مەبەستەش فرانکفۆرتییەکان "چاوەڕوانییەکانیان لە ئەدەب و هونەر و ئەرکەکانیان بەپێی ئەو بابەتانە، کە

مرۆڤ لە کۆمەڵگای ئەمڕۆییدا لەگەڵیان دەژیت بەیاندەکەن و لەو بڕوایەدان، کە ئەگەر هونەر ڕوانگەیەکی نەرێنی و ڕەخنەگرانەی هەبێت، دەتوانێت لە دروستکردنی گۆڕانکاریی ئەرێنی لە نێو کۆمەڵگادا، ڕۆڵی خۆی بە باشی بەجێبهێنێت" (فولادی، ١٤٠٠: ١٣١ـ ١٣٢)، ئەمەش لە ڕێگەی نیشاندان و خستنەڕووی واقعیەت و ڕاستییەکانەوە دەبێت.

لە ڕوانگەی ئادۆرنۆوە توانای نیشاندانی واقعیەت و ڕاستییەکان، کە پێشتر دەدرایە پاڵ فەلسەفە، ئەوا لە هونەردا هەیە، هونەر واقعیەت بەو جۆرەی کە هەیە نیشاندەدات و لەگەڵ خستنەڕووی ئەوەی کە واقعیەتێکی باشتر لەوەش هەیە، کەواتە، لە بنیاتی هونەردا دوو ئەرکی پێکەوە گرێدراو هەن، یەکەمیان خستنەڕووی واقیع بە هەموو کەموکوڕی و ناتەواوییەکانییەوە. دووەمیان ڕەخنەگرتن لەم واقیعە بە لەبەرچاوگرتنی کۆمەڵگایەکی باشتر (همرمایستر، ١٣٩٩: ٢٥٠)، لە تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەییدا "هونەر ڕاستییەکی دوو لایەنەیە. ڕاستییەکی کۆمەڵایەتیی پارادۆکسیکاڵ، کە هەرچەندە دژ بە کۆمەڵگایە، بەڵام لە ڕاستییەکان (واقعیەت) جیانەبۆتەوە، بەڵکو هەوڵدەدات بە جێگیرکردنی خۆی لە دڵی کۆمەڵگادا دژیەکییەکانی باشتر دەربخات. لەم هەوڵەدا بۆ دەرخستن، هونەر بێلایەنیی خۆی نیشانناداتن، بەڵکو بە پێچەوانەوە، بە ڕەتکردنەوەی باڵادەستیی کۆمەڵایەتی، حەز و خواستی ڕەوای خۆی بەرانبەر بە کامەرانی داهاتوو و بارودۆخی ئازادانەی مرۆڤ نیشاندەدات" (کوسه و آبه، ١٣٨٥: ٩٣). لە ڕوانگەی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی هونەر لە کۆمەڵگا جیانابێتەوە، بەڵکو لە ڕێگەی چوونەناو ناخی کۆمەڵگا و خستنەڕووی ناتەباییەکانی و ڕەخنەگرتنی، دەیەوێت بارودۆخی نەخوازراوی ناو کۆمەڵگا ڕەتبکاتەوە، لە هەمانکاتدا ئارەزووی کۆمەڵگایەکی باشتر بۆ مرۆڤەکان وێنابکات و هەوڵی بەدیهاتنی ئازادی بدات، "ئەگەر گرنگترین پێشمەرجی ژیانی ڕاستەقینە "ئازادی" بێت، بە بڕوای ئادۆرنۆ تەنیا بوارێک، کە تا ڕادەیەک خۆی لە دەسەڵاتی عەقلانیەتی ئامێری بەدوورگرتووە، بواری هونەر و جوانییە" (شجاع، ١٣٩٥: ١٣٠)، نەک هەر ئەمە، بەڵکو هونەر لە توانایدا هەیە دژ بە (بەشتبوون)ی کۆمەڵگاش بوەستێتەوە، وەکو ڕێگا و ئومێدێک بۆ ڕزگاربوون لە پرۆسەی (بەشتبوون) دادەنرێت (نمدیان پور، ١٣٨٧: ٦٠). مارکۆزەش پێیوایە، ڕێگایەک کە شیاوی ئەوە بێت بەرەو کۆمەڵگایەکی ئازادمان بەرێت تەنها لە بەرهەمی هونەریدا دەتوانین بیدۆزینەوە، چونکە هونەر لە توانایدا هەیە مرۆڤ بەرەو ڕزگاری ببات و لە کۆتوبەندە داسەپێنراو و سەرکوتکەرەکانی کۆمەڵگای بۆرژوازی ئازادیبکات (آرام، ١٣٩٣: ١٧). لەم ڕوانگەیەشەوە هونەر و ئەدەبیات لە ڕوانگەی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی تەنها ئامرازێک نییە بۆ چێژبەخشین و کاتبەسەربردن (جوانلی، ١٤٠٠: ١٧٦)، بەڵکو ئامانجی کۆمەڵگایەکی ئازاد و ڕزگاری مرۆڤە لە دەست سیستەم و کۆمەڵگا چەوسێنەرەکان، بۆیەشە تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی بە خستنەڕووی هەموو ئەو ڕوانگە و چەمک و بنەمایانە لە بواری هونەر و ئەدەبیات، ئامانج و مەبەستی ڕزگاریی مرۆڤە لەو دۆخە نالەبارەی کە لە کۆمەڵگادا هەیە و دواجار گەیشتنیان بە خۆشبەختی و بارودۆخی دڵخوازیان

(طاهانسب، ١٣٩٨: ١٢٥). ئەمەش یەکێکە لە ئامانجە بەرز و باڵاکان، کە بیرمەندانی ئەم تیۆرە هەوڵی بۆ دەدەن.

جوانیناسیی ڕەخنەیی بە یەکێک لەو ڕەوت و ڕێچکانەی ناو بواری جوانیناسی دادەنرێت، کە کار لە سەر بواری کۆمەڵایەتیی هونەر دەکات. بە واتایەکی تر، ئەم تیۆرە "پەیوەندی نێوان هونەر و ژیانی کۆمەڵایەتی دەکاتە چەقی هزرەکانی" (هینیک، ١٣٨٤: ٣٧) و لەوێوە هەوڵدەدات ڕوانگەیەک لەبارەی هونەر و ئەدەبیات بخاتەڕوو. ئەگەر جوانیناسیی ڕەخنەیی هونەر بە کارێکی کۆمەڵایەتی دادەنێت و وابەستە بە کۆمەڵگای دەکات، بە واتای ئەوە نییە، کە هونەر ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتییە و بە جۆرێک گوزارشتی لێدەکات، کە کتومت وەک خۆی واقیع وێنادەکاتەوە و دەینوێنێتەوە، بەڵکو "هونەر یەکەمجار لە ڕێی وەستانی دژ بە کۆمەڵگەوە دەبێتە کارێکی کۆمەڵایەتی" (جویل و ئەوانی تر، ٢٠١٦: ٨٢) یاخود "هونەر بە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ کۆمەڵگا بە کۆمەڵایەتی دەکرێت" (جوانلی، ١٤٠٠: ١٨٥). لەم ڕوانگەیەوە ئادۆرنۆ پێیوایە "هونەر ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی هەیە نەک لەبەرئەوەی هەوێنی ناوەڕۆکە مادییەکەی لە کۆمەڵگا وەردەگرێت، بەڵکو هەر لە بنەڕەتدا هونەر بە کۆمەڵایەتی دەزانێت، چونکە لەگەڵ کۆمەڵگا هەبوودا بەرانبەر و دژە. هونەر لە جیاتی ئەوەی کە بێ هیچ پرسیار و لێپرسینەوەیەک جیهانی هەبوو پەسەندبکات، لە بەرانبەریدا دەوەستێتەوە. بەرخوردی ئەم جۆرە هونەرە لەگەڵ کۆمەڵگادایە، کە سەربەخۆییەکەی فەراهەمدەکات" (جورشری،١٤٠٠: ٥١). هەر ئەم ڕوانگەیەشە بۆ هونەر وا لە ئادۆرنۆ دەکات بڵێت "بەرهەمی هونەری ئەنتیتێزی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایە...". بە واتایەکی تر هونەر لە لایەکەوە ڕیشەی لە جیهانێکدا داکوتاوە، کە لێیەوە سەریهەڵداوە، لەلایەکی تریشەوە جودا لەم جیهانەیە" (شجاع، ١٣٩٥: ١٣٥)، لە لایەکەوە بارودۆخ و کێشەکانی ناو کۆمەڵگا لە هونەردا بەرجەستە دەبن. لە لایەکی تریشەوە، تەنیا کارە هونەرییەکانن دەرفەتی ئەوەیان تێدا ماوە ڕەخنە لە بارودۆخی کۆمەڵگا بگرن و دژی بوەستنەوە، بەبێ ئەوەی خۆشیان ببن بە بەشێک لەم بارودۆخە نالەبارەی کۆمەڵگا (زاوەرلاند، ٢٠١٢: ٢٩). بە سەرنجدان لە ڕوانگەی ئادۆرنۆ ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هونەر لە هزری ئادۆرنۆدا هەمیشە لەگەڵ کۆمەڵگا و دژ بە کۆمەڵگا سەرنجی لێ دەدرێت. واتە، هەم لە هەناوی کۆمەڵگا دایە و هەم لێشی جیاوازە، بۆیە لە ڕوانگەی ئادۆرنۆوە هونەر لە لایەکەوە سەربەخۆیە و لە لایەکی تریشەوە فاکتێکی کۆمەڵایەتییە. ئەمەش وا لە ئادۆرنۆ دەکات، کە ڕەخنە لە چەند ڕوانگەیەک لەبارەی هونەر و ئەدەبیات بگرێت. لەوانە مارکسیستەکان، کاتێک ئەدەب وابەستەی کۆمەڵگا دەکەن و وەکو چالاکییەکی کۆمەڵایەتی لێی دەڕوانن و سەربەخۆیی لە هونەر و ئەدەبیات دەستێننەوە. تیۆری (هونەر بۆ هونەر) و (هونەر خۆی لە خویدا)ش یەکێکن لەو ڕوانگە ئیستێتیکیانەی ئادۆرنۆ ڕەخنەیان لێدەگرێت، چونکە ئەمانەش بە پێچەوانەی مارکسیستەکان، ئەدەب لە کۆمەڵ دادەبڕن و وەکو بوارێکی تەواو سەربەخۆ لە ئەدەب دەڕوانن. هەرچی ڕوانگەی تیۆری (هونەر بۆ هونەر)ە، ئەمانە دەیانەوێت ئەدەبیات تەنیا لە پێناو جوانیدا بێت و هیچ کەڵک و سوودێکی کۆمەڵایەتی نەبێت، بەمەش

ئەدەبیات بە تەواوی لە کۆمەڵگا دادەبڕن و بوونێکی سەربەخۆی پێدەبەخشن. ڕوانگەی (هونەر خۆی لەخۆیدا)ش وەکو بنیاتێکی سەربەخۆ لە هونەر و ئەدەبیات دەڕوانێت. پێیوایە هونەر و ئەدەبیات لە هەر کاریگەرییەکی کۆمەڵگا بەدەرن (جویل و ئەوانی تر، ٢٠١٦: ٨١- ٨٣). وەک دەبینین ڕوانگەی ئادۆرنۆ بۆ هونەر و ئەدەبیات لە نێوان هەردوو ڕوانگەکەدایە، هونەر و ئەدەبیات بە هۆی وەستانەوەیان دژ بە بارودۆخی هەبووی کۆمەڵگا لە لایەکەوە بوونێکی سەربەخۆی پێدەبەخشێت و لە لایەکی تریشەوە دەیکات بە فاکتێکی کۆمەڵایەتی.

لە ڕوانگەی مارکۆزەوە، جیهانی هونەر هەمان جیهانی واقیعی ڕۆژانە نییە، بەڵام بە تەواوی دابڕاو لە واقیعیش نییە و تەنیا دەستکردی فانتازیا و وەهم نییە، چونکە ئەوەی لە واقیعەتی ژیانی ڕۆژانەدا هەیە لە جیهانی هونەریشدا هەیە، لێرەشەوە جیهانی هونەر دەبێتە ناواقیعی، بەو واتایەی واقیعیەتێکی ئەفسانەییە و لە واقیعیەتی ژیانی ڕۆژانە خاوەن حەقیقەتێکی زیاترە، لەبەرئەوەی حەقیقەت لە ژیانی واقیعی ڕۆژانەدا لە ڕێگەی دامەزراوەکان و پەیوەندییەکانی خۆی شارادراوەتەوە و ڕازێنراوەتەوە. واتە، حەقیقەتی ژیانی ڕۆژانە بە دیارناخرێت و بە جۆرێکی تر (کە حەقیقەتە ڕاستەقینەکە نییە) نیشاندەدرێت و دەردەکەوێت. بەم جۆرەش واقیعی هەبوو، وەک واقیعێکی درۆیین، نادروست، ڕیاکار و فێڵباز دەردەکەوێت. تەنها لە ژیانی خەیاڵی هونەردایە، بابەتەکان وەک ئەوەی هەیە و وەک ئەوەی دەبێت ببن دەردەکەون. بەرهەمی هونەری ئەوەی هەیە نایشارێتەوە، بەڵکو ئاشکرایدەکات و پەردەی لە سەر لادەدات (مارکۆزە، ٢٠١٧: ٨٤- ٨٧). بەمەش حەقیقەتی کۆمەڵگا وەک خۆی چۆنە، بەم شێوەیە دەردەکەوێت. نەک ئەوەی لە ژیانی ڕۆژانەدا چۆن خۆی بە دیاردەخات و نمایشدەکات. لە ئەنجامدا ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی هونەر ڕادەستی واقیعی ژیانی ڕۆژانە نەبێت و لە ڕێگەی دەرخستنی حەقیقەتی کۆمەڵگا لە هەوڵی ڕزگاری و ئازادیی مرۆڤ و کۆمەڵگاکان بێت، "هونەر خۆڕاگری نیشاندەدات و ڕێگە نادات کۆمەڵگا بە لای خۆیدا بیکێشێت و لە نێو خۆیدا نوقمی بکات. بارودۆخی هەبوو ڕەتدەکاتەوە و هیوای گەیشتن بە ژیانێکی باشتر لە جیهانێکی باشتردا بە زیندوویی دەهێڵێتەوە. ئەڵبەتە هونەر لەم پێناوەدا ئەو یۆتۆپیایەی کە دەبێت پێیبگەین وێناناکات، یۆتۆپیای هونەر بە دیاریکراوی بریتییە لە "نە" وتن بۆ ئەو بابەتانەی لە ئێستادا هەن. ئادۆرنۆ... ئەم بنەمایەی هونەر بە مزگێنی و بەڵێنی خۆشبەختی دەزانێت" (هەرمایستر، ١٣٩٩: ٢٥٦). لە سەرەتادا هونەر واقیعی هەبوو ڕەتدەکاتەوە، دواتر لەم ڕێگەیەشەوە هەنگاو بەرەو ڕزگاری دەنێت، "بەرهەمی هونەری لە لایەکەوە دژی بنەما و بنچینەی ئەو واقیعەی کە هەیە، لە ڕاستیدا بنەمای دەسەڵاتداریێتی و باڵادەستییە، سەرهەڵدەدات (نفی)، لە لایەکی ترەوە بەرهەمی هونەری بە زمانی ئازادکردن قسە دەکات و وێنەی ڕزگاریخواز زیندوو دەکاتەوە، کە لەو وێنانەدا مەرگ و لەناوچوون و وێرانبوون کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی ژیان و ئەمەش هەمان لایەنی ڕزگاریخوازی سەلماندن و ڕاستاندنی جوانیناسییە" (نوذری، ١٤٠٠: ٢٨٨)، لەم ڕووەشەوە، ئەم تیۆرە باوەڕی بە جۆرێک لە باڵایی و نزمی (sublimation and desublimation)ی جوانیناسیی هونەر هەیە و پێیوایە، لە نێوان

ئەم دووانەدا یەکێتی و یەکگرتووییەک هەیە، باڵایی جوانیناسی لایەنی ئەرێنی و ئاشتیخوازانەی هونەر پێکدەهێنێت و لە هەمانکاتدا هۆکارێکیشە بۆ ئەرک و ڕۆڵی ڕەخنەیی و نەرێنی هونەر (نزمی) (بنیامین و دیگران، ١٣٩٨: ٦٤)، بە واتایەکی تر، باڵایی جوانیناسی ئەوەیە، کە بەرهەمی ئەدەبی لە ڕێگەی فۆرمی جوانیناسییەوە لە پاڵ جیهانی واقیعی، جیهانێکی تر بنیاتدەنێت و لە ڕاستی و واقیعیەتی هەبوو سەرووتر دەچێت و هیوای ژیانێکی باشتر و خۆشتر دەخوازێت. لە لایەکی تریشەوە، دژی سیستەمی باڵادەستی کۆمەڵگا و هۆکارەکانی کۆنترۆڵکردن و سەرکوتکردنی کۆمەڵگا دەوەستێتەوە و ڕەتیاندەکاتەوە، ئەمەش نزمی پێدەگوترێت.

لە کۆمەڵگایەکی سەرکوتکاردا، کە کولتووری فەرمی، کولتووری باڵادەست بێت، ئەرکی لە پێشینەی هونەر گوزارشتکردنە لە ناسەربەخۆیی خەڵک و دواکەوتوویی دۆخی مرۆڤایەتی و وەستانەوە دژ بەم نالەبارییە، چونکە هونەر زمانی دەرد و ئازار و ناخۆشییەکانە، بەڵام دەبێت ئەمە بزانرێت، کە تایبەتمەندییە یاخی و ڕەخنەییەکەی هونەر لە بەرانبەر واقیعیەتدا کارێکی دوژمنکارانە نییە، چونکە هونەر ئامانجی وێرانکردنی واقیع و کۆمەڵگا نییە و نایەوێت بە تەواوی و بە یەکجاری لەناوییبات، لەبەرئەوەی هونەر لە ناخیدا ڕق و کینە و دوژمنایەتی بەرانبەر بە کۆمەڵگا نییە، ئەو دژایەتییە و ڕەتکردنەوە و ڕەخنەگرتنەی کۆمەڵگا لە هونەردا، وەک مارکۆزە دەڵێت: لەبەر زۆری عیشقەکەیە، کە هونەر ئەم کارە بەرانبەر کۆمەڵگا دەکات (مارکوزه، ١٤٠٠: ٥٨ـ ٥٩). هەر کاتێک عیشق هاتەناو هەر کارێکەوە، لەم کارە ڕق و قین جێگایەکی بۆ نامێنێتەوە. بۆیە هونەریش کە بەم عیشقە ڕەخنە لە کۆمەڵگا دەگرێت، ئامانجی ئازادی و سەربەخۆیی مرۆڤ و کۆمەڵگایە و کار بۆ باشتربوونی دەکات و دژی سیستەمە باوەکانی کۆمەڵگا دەوەستێتەوە، کە مرۆڤیان سەرکوتکردووە و ئازادی و سەربەخۆییان لێسەندۆتەوە، لەم ڕوانگەیەشەوە "ئەدەبیات و هونەر هۆکاری ناسینی بەدبەختییەکان و ناخۆشییەکانی کۆمەڵگایە و ڕۆڵێکی نکۆڵی لێ نەکراوی لە پەیدابوونی هزرێکی ڕەتکەرەوە و نکۆڵیکەر و ناسینی ناخۆشییەکان و نائومێدییەکانی مرۆڤدا هەیە. ئەدەبیات بۆ مرۆڤ و سروشت مەڵبەند و چوارچێوەیەکی نوێی هێناوەتەکایەوە. لە کاتێکدا واقیعیەت (کۆمەڵگا) بەردەوام ڕێگری لە سەرتری و باڵاتری هزر کردووە و خواستەکانی ئەوی سەرکوتکردووە" (عباسی، ١٣٨٨: ٢٧)، بۆیە هونەر هەمیشە دژ بە کۆمەڵگا دەوەستێتەوە و هزری ڕەخنەیی لە ناخی تاکەکانی کۆمەڵگا دەڕوێنێت و بە زیندوویی دەیهێڵێتەوە، ئەگەر هزر و ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە لە کۆمەڵگادا نەما، کۆمەڵگا بۆگەن دەکات و تاکەکانی دەکەونەناو سیستەمە باڵادەستەکانی کۆمەڵگا و لە ناو سیستەمەکەدا دەتوێنەوە و سەرکوتدەکرێن بێئەوەی بە دۆخی نائازادیی خۆیان ئاگاداربن. هەر ئەمەشە وادەکات، هونەر دژ بە دۆخی هەبوو بوەستێتەوە. بێگومان هونەرێک ئەم ئەرکە لەخۆدەگرێت، کە هونەرێکی ڕەسەن بێت.

## ٢ـ بەشی دووەم:

## جوانیناسیی دەقی "ئێستا کچێک نیشتیمانمە" لە ڕوانگەی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی

وەک ئەوەی لە پێشووتردا خراوەتەڕوو، تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی دەقێک پەسند و ستایشدەکات و لای ئەوان دەقێکی ڕەسەنە، کە ڕەخنە لە بارودۆخی هەبووی کۆمەڵگا بگرێت و دژی بوەستێتەوە و ڕەتیبکاتەوە و ئومێدی گەیشتن بە دنیایەکی باشتر بخوازێت. شێرکۆ بێکەسیش لە دەقی (ئێستا کچێک نیشتیمانمە)دا ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەی بەرانبەر بە نیشتمانەکەی هەیە و ڕەخنە لە دۆخی هەبووی نیشتمان و کۆمەڵگاکەی دەگرێت و بە تەواوی ڕەتیدەکاتەوە و دژی دەوەستێتەوە، لە هەمانکاتدا هیوای گەیشتن بە دنیایەکی باشتر و جوانتر دەخوازێت، لەوەی کە هەیە. ئێمەش لێرەدا لە هەوڵی نیشاندان و خستنەڕووی سەرەکیترین ڕوانگە ڕەخنەییەکانی دەقی (ئێستا کچێک نیشتیمانمە)دا دەبین و لە ڕوانگەی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی ڕاڤەی دەقەکە دەکەین.

### ١ـ٢ نیشتمان و چەقبەستوویی

گۆڕانکاری و نوێبوونەوە داینەمۆی گەشە و پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگا و وڵاتێکن، بەبێ گۆڕانکاری و نوێبوونەوە کۆمەڵگا و وڵاتەکان ناتوانن لەگەڵ ڕەوتی گەشە و پێشکەوتنی سەردەم ڕێبکەن و بەجێدەمێنن. ئەمەش دۆخێکی مەنگ و وەستاو دروستدەکات و بەرەو بۆگەن بوون دەچێت و کۆمەڵگا و وڵات دەخاتە زەلکاوێک، جگە لە پیسی و ناشیرینی هیچی تری لێبەرهەمنایەت و نابینرێت. بۆیە دەبێت کۆمەڵگا لە ڕێگەی گۆڕانکارییەوە هەمیشە زیندوویەتییەک بە خۆی ببەخشێت و گەشە و پێشکەوتن لە خۆیدا بەدیبهێنێت، بۆئەوەی بتوانێت پێداویستییە ڕۆحی و مادییەکانی سەردەم بۆ تاکەکانی فەراهەمبکات. ئەم گۆڕانەش دەبێت کۆی ڕەهەند و جومگەکان بگرێتەوە، بۆئەوەی لە هەموو ڕوویەکەوە نوێکاری ببینرێت. لە دواجاردا کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و ڕوو لە ئایندە بێت. یەکێک لە ڕەخنەکانی شێرکۆ لە نیشتمانەکەی ئەو دۆخە چەقبەستوویی و نەگۆڕییەیە، کە نیشتمان تێیکەوتووە. لە دیدی شێرکۆ بێکەسدا نیشتمانەکەی نیشتمانێکی نەگۆڕ و چەقبەستووە و لە قوڕی ڕابردوودا چەقیوە و ڕووی لە ئایندە نییە، کەچی لەم ڕووەوە زۆر کەمتەرخەم و بێباکیشە. بە واتایەکی تر، شێرکۆ پێیوایە، نیشتمانەکەی بێجووڵە و گۆڕانە، لە قاوغی بەرتەسکی دنیابینی ڕابردووی خۆیدا چەقیوە و دەرگای لە سەر هەموو گەشە و گۆڕان و نوێبوونەوەیەک داخستووە، ناتوانێت ڕووەو ئایندە هەنگاو بنێت و نوێبوونەوەیەک لە خۆیدا بەرپابکات، هیچ هەوڵ و تەقەلایەکیش لەم بارەیەوە نادات و خەمساردە بەرانبەری و باکی پێ نییە:

ئەم مێژووەی من خەم ساردە.

گالیسکەیەکە تا گوێچکەی ئەسپەکانی

لە ڕابردوودا چەقیون و .. باکی نییە!

....

ئەم مێژووەی من .. کلیکی

دەرگای ساڵ و دەرگای هەتاوی داهاتووی

لێکەوتووە و بۆی ناگەڕێ و باکی نییە. (بێکەس، ٢٠١١: ٨٤ ـ ٨٥)

ئەمەش وایکردووە، نیشتمانەکەی شێرکۆ تەنیا باوەڕی بە یەک جۆر دنیابینی و یەک جۆر ڕوانین هەبێت و خاوەنی عەقڵێکی کراوە نەبێت، بە جۆرێک دنیا بە ڕەش و سپی دەبینێت و نیشتمانێکی کراوە نییە و ناتوانێت بیر لە دەنگ و ڕەنگی تر بکاتەوە. هەر قەوانی کۆن دووبارە دەکاتەوە، کای کۆن بە بادەداتەوە و هیچی نوێی بۆ خەڵکەکەی پێنییە، هەر لە ناو شانازییەکانی ڕابردوودا چەقیوە، هەر خەریکی گوتنەوەی سروودەکانی ڕابردووە، کە گوزارشت لە هەست و مێژوویەکی کۆن دەکەن و بۆ نەوەی ئێستای نیشتمان هیچیان پێ نییە، ڕۆح و جەستەی ماندوو و تینو و بێزاریان تێراو ناکات، وەک دەڵێت:

ئەی نیشتیمانی یەک ڕەنگ و

ئەی نیشتیمانی یەک دەنگ و

جێگیر لە ناو ڕەش و سپی

گرژ و مۆنیش

لە ئاوێکی ڕاوەستاودا!

ئەم سروودە وەکو پارەی قەڵپ ناچێ!

هیچ کەسێک و هیچ دوکان و هیچ بازاڕێ و

هیچ عەقڵێک و

هیچ گوێچکەیەکی بێزاری

ئەم سەردەمە لێم وەرناگرێ ! (بێکەس، ٢٠١١: ٥٣)

دواتر لە درێژەدا، شێرکۆ پێیوایە، ئەمانە پەیوەستن بە هەست و مێژوویەکی کۆن و لەگەڵ دنیای نوێ نایەنەوە. بە واتایەکی تر، شێرکۆ دەیەوێت بڵێت، مانەوە تەنیا لە دنیای کۆندا چارەی دەردەکانی ئەمڕۆی نیشتمان ناکات:

ئەم سروودە

هەر بۆنی قەڵای دم دم و ئەسپەکانی دوانزە سوارە و

بۆنی کەوای پاشای کۆرە و بۆنی تۆپەکەی
وەستا ڕەجەب و بۆنی قلیانی باپیر و
بۆنی ئەشکەوتەکەی هەزارمێردی لێدێ!
من ئەزانم
ئەم سیدییە هیچ هەتاوێکی سبەینێ
خۆشی ناوێ (بێکەس، ٢٠١١: ٥٤)

**٢ـ٢ نیشتمان و لەخۆباییبوون**

لەخۆباییبوون و خۆبەگەورەزانین بۆ هەر کەس و نیشتمانێک دەردێکی کوشندەیە، کە تووشی دەبێت. وا دەکات، مەودایەک و دوورییەک لە نێوان خەڵک و نیشتمان دروست بێت و نیشتمان نەتوانێت لە ئێش و ئازاری خەڵکەکەی تێبگات. چونکە غرووری نیشتمان نایەڵێت دابەزێت بۆ ناو خەڵک و بێتە ئاستی ئەوان و لە ناخۆشییەکانی ژیانیان تێبگات. لە هەمانکاتدا، ئەمە لەخۆباییبوونی نیشتمان زیاتر دەکات و وای لێ دەکات خۆی بە نیشتمانێکی خزمەتگوزار و دادپەروەر ببینێت و هیچ کات بیری بۆ هەڵە و کەموکورتییەکانی خۆی نەچێت و پییوابێت، نیشتمانێکی بێعەیب و بێخەوشە. لەبەرئەوەی لە ئاوێنەیەک خۆی دەبینێتەوە، کە خۆی بۆ خۆی دروستیکردووە. بۆیە هیچکات ناتوانێت ناشیرینیەکانی خۆی ببینێت. ڕەخنەی شێرکۆش لە نیشتمانەکەی ئەوەیە، کە پێیوایە، تووشی دەردی لەخۆباییبوون و خۆبەگەورەزانین بووەتەوە. ئەمەش وایکردووە خۆی بە جیا لە خەڵک و لە سەرووی خەڵکەوە ببینێت، دانەبەزێتە ناو خەڵک و ئێش و ئازارەکانیان نەبینێت. هەر لە دوورەوە سەیری شتەکان بکات و بە ئەزموونی نایانبینێت، وەک دەڵێت:

تۆ نیشتیمان!
ئەی ئەو پیاوەی لە قوللەی بەرزی
غورووری ناو سەرتەوە ئەڕوانیتە
خواری خۆت و بۆ جارێکیش دانابەزیت
بۆ ناو گوردەمی*برین و لای پاییزی
ئەم هەموو ژانە چاوەڕوانانە! (بێکەس، ٢٠١١: ٩٨)

لە دوای ئەمە شێرکۆ، حیکایەتی ژیانی تاکە بەدبەختەکانی نیشتمان و ئێش و ئازارەکانیان دەگێڕێتەوە، حیکایەتی ئەو خەڵکانەی نیشتمان، کە بە هۆی لەخۆباییبوون و خۆبەگەورەزانینەوە

*گوردەم: عەشامەت، قەرەباڵغی.

ئاوڕی لێ نەداونەتەوە و ڕۆژێک لە ڕۆژان هەواڵێکی نەپرسیون. بە واتایەکی تر، شێرکۆ ڕەخنەی ئەوە لە نیشتمان دەگرێت، کە حیکایەتی ژیانی خەڵکی نیشتمان، پڕیەتی لە ئێش و ئازار و ناخۆشی، بەڵام نیشتمان، غروور، بەرچاوی گرتووە و مەینەتییەکانی خەڵک نابینێت، ڕۆژێک نییە بچێتە ناو خەڵکەکەی و تیماری برینەکانیان بکات و چارەسەری ناخۆشی و ناڕەحەتییەکانی ژیانیان بکات:

دوای ئەو قەلەباچکەیەکم بینی
بێوەژنێکی یەک باڵی نابینا بوو.
وتی: ئەوەتەی منیش هەم
جارێ نەمدی نە چرایەک بێت بۆ لام و
نە یەک کەوچک دەوای دەرد و
نە بەتانی و بەڕەیەک و
نە کراس و کۆڵوانەیەک. (بێکەس، ٢٠١١: ٩٩ـ ١٠٠)

لەخۆباییبوونی نیشتمان هەموو سنوورەکانی تێپەڕاندووە، وەک شێرکۆ دەڵێت: خۆی بە خوا دەبینێت و پێیوایە، چی هەڵە و کەموکورتی و ناتەواوی هەیە لەودا نییە و نیشتمانێکی کامل و بێخەوش و بێعەیبە. ڕۆژێک ئەم نیشتمانە نابینیت، کە دان بە گوناهێکی خۆیدا بنێت، پەنجە لە سەر هەڵە و ناتەواوییەکی دابنێت، ناشیرینییەکانی خۆی نیشانبدات، خراپییەکی خۆی ئاشکرا بکات... هتد. بۆیە شێرکۆ لە کۆتاییدا بە توانج و ڕەخنەوە دەڵێت: نیشتمان وەکو خودا دوورە لە هەر کەموکورتی و ناتەواوی و هەڵەیەک، نیشتمانێکی پاک و ڕاست و بێهەڵە و بێخەوشە، وەک دەڵێت:

ئەم نیشتیمانە پیرە ئەوەتەی هەیە
ددانی بە یەک گوناهی خۆیدا نەناوە
قەت نەیوتووە:
یەک جۆگەی لیڵم هەبووە یان ئاوێنەیەکی درۆزن.
یەک گوڵی سیسم هەبووە یان بۆنێکی ناخۆش.
یەک ئەسپی نەخۆشم ڕاگرتووە یان جارێ گلاوم.
یاخود ئەو بەڵێنەم کوێر بوو.
ئەو مێژووەم شەل و گێژ بوو.
نا .. نا ئەم نیشتیمانە پیرە

ڕۆژێ لە ڕۆژان نە خوار و خێچ ڕۆیشتووە و

نە سەرسمێکی داوە و

نە قسەیەکی پیس و پۆخڵی کردووە!

نا .. نا .. نا

ئەو بەردەوام خوا بووە! (بێکەس، ٢٠١١: ١٦٨)

**٣-٢ نیشتمان و فریودان**

نیشتمان بەرانبەر بە خەڵک و میللەتەکەی خۆی دەبێت ڕاستگۆ بێت و هەوڵی فریودانی تاکەکانی نەدات و حەقیقەت و ڕاستییەکانی خۆی پێنەشارێتەوە. بە واتایەکی تر، نیشتمان هەر کاتێک هەوڵیدا خەڵکەکەی خۆی فریوبدات و حەقیقەت و ڕاستییەکانی خۆی بشارێتەوە و لە بەرگێکی تردا خۆی نمایشکرد، ئەمە بە واتای ئەویە، کە نیشتمانێکی پیس و خراپە و لە ڕێگەی فریودانی خەڵکەوە دەیەوێت ناشیرینی و پیسی و خراپیەکانی خۆی پێ پەردەپۆشبکات، ئەمەش وادەکات کە نیشتمان چەندە پیس و ناشیرینە، ئەوەندەی تر ناشیرینتر بێت و زیاتر درێژە بە خراپیەکانی خۆی بدات، بەڵام گەر نیشتمان فریودەر و دووڕوو نەبوو، ناتوانێت ناشیرین و خراپەکار بێت. چونکە هیچ نیشتمانێک ناتوانێت بە ئاشکرا و بە ڕاستەوخۆ و بێ پەردە دەستبداتە زۆڵم و نادادی و گەندەڵی... هتد. دواجار ئەمەش وا دەکات، کە نیشتمانێکی سەرکەوتوو و حوکمڕانێکی باش و نموونەیی بێت و مایەی خێر و خۆشگوزەرانی و ئاوەدانی بێت. لەم بارەیەوە شێرکۆ ڕەخنە لە نیشتمانەکەی دەگرێت و نیشتمانەکەی پێچەوانەی ئەمە دەبینێت و پێیوایە، نیشتمانەکەی لە ڕێگە دروستەکەی خۆی لایداوە و نیشتمانێکی فریودەرە و هەوڵی هەڵخەڵەتاندنی خەڵکەکەی دەدات، لە حەقیقەتدا لە ژێر پەردەوە بە دوای دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی، بۆ گەیشتن بە کورسیی دەسەڵات، هەموو ڕێگایەکی ناشەرعی و ناڕاست دەگرێتەبەر و دەست بۆ هەرچی کوشت و کوشتار و غەدر و تاوانە دەبات، وەک دەڵێت:

من ناوم کورسییە

کەس نەیزانیێ من ئەیزانم

ئەم هەموو چەقۆی غەدرانە

ئەم هەموو جۆگەی خوێنانە

ئەم هەموو ماسکی دزییانە

ئەم هەموو ڕەژووی ڕقانە

لەسەر منە

لەسەر دانیشتنی سەر من ئەکرێن!

بەڵام ناڵێن کەسیان ناڵێن لەسەر منە! (بێکەس، ٢٠١١: ٤٥)

کەچی لە ڕواڵەتدا وا خۆی نیشاندەدات، کە هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات لە پێناو ئازادی و داهاتووی نەوەکان، قوتی خەڵک، خاک و سروشت و بەرەنگاربوونەوەی دوژمنە. بە واتایەکی تر، نیشتمان وا خۆی نیشاندەدات، کە هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بۆئەوەیە، کە بتوانێت نیشتمانێکی سەربەخۆ و ئازاد و خۆشگوزەران بنیاتبنێت، تێیدا ئازادی و مافی ڕادەربڕین بۆ تاکەکانی دەستەبەربکات، یەکسانی و دادپەروەری لە کۆمەڵگادا بەرقەرار بکات، هەلیکار و ژیانێکی شایستە بۆ تاکەکانی دابینبکات... هتد. بەڵام لە ڕاستیدا ئەمانەی بۆ فریودان و بەلارێدابردنی خەڵکە و لەم ڕێگەیەوە دەیەوێت بە دەسەڵات بگات، لەم بارەیەوە شێرکۆ لە درێژەدا دەڵێت:

هەموو ئەڵێن لەبەر چاو و

باڵای جوانی ئازادییە!

لەسەر شیری ساوایانە

لە بەر ئاوە .. لەسەر نانە

لەسەر گوڵە و .. لە بەر هێلانەی چۆلەکە و

لەسەر شالاوی ناوەختی

گەلەگورگی دەور و بەرە ..

بەڵام ناڵێن کەسیان ناڵێن

لەسەر منە و

لە بەر منە! (شێرکۆ، ٢٠١١: ٤٦)

**٢-٤ براکوژی**

ئەگەر چاوێک بە مێژووی میللەتاندا بخشێنین، دەبینین شەڕی ناوخۆ یەکێک بووە لەو شەڕانەی، کە زۆرجار میللەتان لە ناو خۆیاندا تووشی هاتوون. ئەو شەڕانە، جگە لە زەرەر و زیان وماڵوێرانی هیچ خێر و بێرێکیان بۆ میللەتانی خۆیان پێنەبووە. یەکێک لەو ڕەخنانەی شێرکۆش لە نیشتمانەکەی دەگرێت، ڕەخنەگرتنە لە شەڕی براکوژی، کە هەندێکجار بە شەڕی ناوخۆ و شەڕی براکانیش ناودەبرێت. شێرکۆ ئەزموونی سەرەتای ژیانی نۆزدە ساڵی تەمەنی نیشتمان بە ناشیرینی دەبینێت، لەبەرئەوەی پێیوایە، ئەم نیشتمانە هەر لەگەڵ کەوتنەسەرپێی خۆی تێیدا براکان دەستیان بە خوێنی یەکتر سوور کرد، ناکۆکی و ناتەبایی و ڕق و کینەیان

ڕشتە ناو کۆمەڵگاوە، بوونە هۆکار بۆ تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگا و مێژوویێکی خوێناوی و پڕ لە ڕق و کین و یەکتر ڕەتکردنەوە و یەکتر قبوولنەکردنیان نووسییەوە و بەرهەمهێنا، وەک دەڵێت:

ئەو ساڵانە لە دەفتەرە بچکۆڵەکەی مندا
ژیان بریتیبوو لە (با)یەکی تەپ و تۆزاوی و
لە خەو بینینی خۆڵاوی و لە پەنگ خواردنەوەی
تەنیایی لە یەک ژووردا. لە دەرەوەیش
لە جەنگی نێوان مەچەک و پەنجەکانی شاخەکاندا
مێژوومان دارە مەیتێکی خوێناوی ئەبەدی بوو.
هەر لەو گەڕەکەی ئێمەدا پەنجەرە پەنجەرەی
ئەکوشت. درەخت درەختی ڕاوئەنا. گەڕەک
ئەبوو بە سیخوڕ و هەنگاوی ڕێبواری ئەژمارد.
ڕەنگ ڕاپۆرتی لە ڕەنگ ئەدا گوڵدانەکان
یەکتریان وێران ئەکرد. من نیشتیمانی پیرۆزم
وەها بینی و وەها ناسی. لە دەفتەرە
بچکۆلەکەی مندا. ناوی حزب و دووکەڵ و چەتە و
ڕەنگی مردن و قوربانیی تێکەڵ بووبوون. (بێکەس، ٢٠١١: ٢٧٩ـ ٢٨٠)

شێرکۆ پێیوایە، لەو دەمەدا نیشتمانەکەی ببووە دەستاڕێکی گەورە و براکانیش یەکتریان دەهاڕی، نیشتمان بە دەستی خۆی ڕۆڵەکانی دەکوشتن و دەخستنە ژێرگڵ، بۆیە شێرکۆ شەڕی براکوژی وەکو پەڵەیەکی شووم و ڕەش بە نێوچاوانی مێژووی نیشتمانەوە دەبینێت، وەک دەڵێت:

منم <<ڕۆژانا>>
تەمەنم نۆزدە گوڵە باخی وەڕسە ...
من زۆر دەمێکە باوکم چۆتە لای گڵ
نیشتیمانی پیرۆز بە دەستە پیرۆزەکانی خۆی
بەر لە دە ساڵ
لە بەیانییەکی تەماویدا
لە پێچی مێژوویەکی شوومدا
ئەو کاتەی وڵات بووبوو
بە دەستاڕێکی گەورە گەورە و

براکانیش یەکترییان پێ ئەهاڕی!.

لەو دەمەدا سێ فیشەکی گڕداریان لە سەریا چاند. (شێرکۆ، ٢٠١١: ٢٣١ـ ٢٣٣)

لە ڕوانگەی شێرکۆ بێکەسەوە، شەڕی براکوژی لە نیشتمانەکەی هیچ پاساو و هۆکارێکی ڕازیکەری نەبووە، شەڕێک نەبووە لە سەر نیشتمان و نان و ئازادی... هتد. بەڵکو شەڕێک بوو، تاکە هۆکاری ئەوە بوو، کە هەر بەرەیەک و لایەنێک خاوەن ئایدۆلۆژیا و دەنگی جیاواز بوون. هەریەکەیان لەخۆگری ڕەنگی جیاوازبوون و خاوەنی شووناسی جیاواز بوون، سەرچاوەکەیان نەدەچووەوە سەر یەکتر، ئەگەرنا برای یەکتر بوون و خاوەن یەک نیشتمان بوون، بەڵام پەرتبوونیان و دابەشبوونیان بە سەر ڕەنگ و دەنگ و ئایدۆلۆژیای جیاواز دەستی براکانی بە خوێنی یەکتر سوورکرد:

من ناوم <<گابەرد>>ە

...

جارێکیان هەر لە پاڵ مندا
بۆسەیەکیان بۆ دوو جۆگەی بێ گوناە دانا
جۆگەکان بەدەم گۆرانی وتنەوە ئەهاتن
وەختێ گەیشتنە بەردەمیان کوشتیانن.
تەنها لەبەرئەوەی سەرچاوەکانیان جیابوون.
تەنها لەبەرئەوەی ئاوەڕۆیان لەوان نەبوو.

...

ڕۆژێکی تر تاقمێ هاتن و هەر لە پاڵ مندا
تفەنگەکانیان خستە سەر پێ و لوولەکانیان
کردە خوارێ و ئەو سنەوبەرانەیان کوشت
کە هەموو بەیانییەک
سروودێکی سووریان
بە دەم سەمایەکی سوورەوە
بۆ بەڵندە هەژارەکان ئەخوێند
ئەو سروودەی کە لە سروودە
باوەکەی ئەوان نەئەچوو.

ئەو سروودەی لە پێناسەی ئەوانی هەڵنەگرتبوو. (بێکەس، ٢٠١١: ١٢٦ـ ١٢٨)

**٥-٢ هەژاری و بێکاری**

یەکێک لە هۆکارەکانی دژوەستانەوە و ناڕازیبوون و ڕەخنەگرتنی شێرکۆ بەرانبەر دۆخی هەبووی نیشتمان، بوونی هەژاری و برسیەتی و بێکارییە لە ناو تاکەکانی نیشتماندا. شێرکۆ پێیوایە، هەژاری و برسیەتی و بێکاری یەخەی خەڵکی نیشتمانەکەی گرتووە و لە دۆخێکی خراپی داراییدا دەژین. لە ڕوانگەی شێرکۆوە، هۆکاری ئەم هەژاری و بێکارییە بوونی گەندەڵی و نادادییە لە نیشتماندا، چونکە هەر کاتێک گەندەڵی و نایەکسانی ڕووی لە هەر وڵات و شوێنێک کرد، لەم شوێنەدا هەژاری و برسیەتی و بێکاری سەردەردێنێت. شێرکۆ پێیوایە، تاکەکانی نیشتمانەکەی ڕۆژانە لە دەست بێکاری و هەژاری و برسیەتی دەناڵێنن، بەڵام هیچ کەس لایان لێناکاتەوە. وەک دەڵێت:

ئێستە هەردووکمان ڕۆژانە لەتاو برسێتی و بێکاریی
بەردەوام ئەمیاوێنین. من بەرامبەر خاوەنی ئەو
ڕستۆرانەتە و کامەرانیش بەرامبەر بە نیشتیمان!.
بەڵام هەردووکیشمان لە ختە لێکردن زیاتر هیچمی
ترمان نادەنێ! (بێکەس، ٢٠١١: ٥٩- ٦٠)

هۆکاری ئەم برسیەتی و بێکارییە، بۆ بۆگەنبوون و پیسبوون و خراپبوونی نیشتمان، بە هۆی گەندەڵی و نایەکسانییەوەیە. وەک دەڵێت:

ئەمشەو نیشتیمان لە خەودا
بوو بوو بە یەک نانی گەورە
منیش برسی .. برسی برسی.
وەختێ ویستم پارچەیەکی لێکەمەوە
نان بووەوە بە هەویر و
هەویر بووەوە بە ئارد و
ڕێچکە ڕێچکەش لە ئاردەوە
کێچ و ئەسپێ هاتنەدەرێ! (بێکەس، ٢٠١١: ٦٢- ٦٣)

وەک دەبینین، شێرکۆ پێیوایە، لە خەونیشدا نیشتمانەکەی نابێت، بە پارویەک بۆ تێرکردنی سکە برسییەکەی. هەرکاتێک دەستی بۆ دەبات و دەیەوێت پاروویەکی لە نیشتمانەکەی دەستبکەوێت، ئەو نیشتمانە لەبەر دزی و گەندەڵی و نادادی، پاروویەکی نییە بیدات بە سکە برسییەکەی و هەر پیسی و ناشیرینییەکانی بە دەردەکەوێت. بە واتایەکی تر، شێرکۆ دەڵێت: ئەو

نیشتمانە بە هۆی گەندەڵی و نایەکسانییەوە، پیس و پۆخڵ بووە و بیری بەلای خزمەتکردن و تێرکردنی خەڵکە هەژارەکانی ناچێت. هەربۆیە دەڵێت:

ئەوەی یەکەمجار بەیانیان ئەیوت: ڕۆژباش

برسێتی بوو (بێکەس، ٢٠١١: ٢٧٨ـ ٢٧٩)

**٢ـ٦ گیانفیدایان و ناوداران لە یادگەی نیشتماندا**

گیانفیدایان و ناودارانی نیشتمان ڕەمز و هێما و شکۆ و ناسنامە و پێناسی نەتەوەن، هێزپێدەری خۆڕاگری و ئیرادە و بڕوابەخۆبوونی میللەتن، بۆیە دەبێت هەمیشە ڕێزلێگیراو و ستایشکراوبن و بکرێنە ڕێبەر و ڕێنیشاندەری میللەت و نموونەیەک بۆ لاساییکردنەوە. شێرکۆ لەبارەی گیانفیدایان و هونەرمەندان و ناوداران لە یادگەی نیشتمانەکەی، ڕەخنە لە نیشتمان دەگرێت و پێیوایە، ئەمانە کە گیانفیدا و خەباتکار و دڵسۆز و نموونەیەکی بەرز و جوانی نیشتمانن، لە بیری نیشتمان چوونەتەوە و یادگەی نیشتمان خاڵییە لە یادی ئەمانە و بە فەرامۆشی سپاردوون، بە جۆرێک ئەمانە نە لە باسوخواسەکانی نیشتمان ناویان هەیە، نە وێنەیەکیان لە یادگەی نیشتمان ماوە. ئەمانە لە هزر و بیر و مێژووی نیشتمان و وڵات بە تەواوی سڕدراونەتەوە و لەیادکراون و کەس بیری نەماون:

بە شەو (با)یەکی زۆر غەمبار
هێواش هێواش، کزە کزە ..
بەرەو گۆڕستانی گەورە دائەکەوێ و
یەکە یەکە لە <<بیرکراوان>> ی ئەوێ
بانگ ئەکات و هەر هەموویان
هەڵئەسێنێ
بە ئەسپایی ئەیاندوێنێ
<<ئێوە لە بیردەنگ چوونەوە.
ئێوە لە بیر ڕەنگ چوونەوە.
لە بیر دیرۆکی مرۆڤ و
لە بیری وڵات چوونەوە (بێکەس، ٢٠١١: ١٨٨)

لە کاتێکدا، شێرکۆ پێیوایە، ئەمانە مایەی جوانی و ڕووناکی و درەوشانەوە و شکۆ و شانازیی نیشتمان بوون، بەڵام وەک شێرکۆ دەڵێت، ئەم نیشتمانە زەینکوێرە، لە بری ئەوەی ئەم مرۆڤە باڵا و گەورانەی نیشتمان بە تاکەکانی خۆی بناسێنێت و ناویان بە بەرزی بهێڵێتەوە، بۆئەوەی

ببنە سەرمەشقی نەوەکانی داهاتوو، دەبێت ئەوان ئەو لەبیرکراوانە بە نیشتمان بناسێننەوە و بەبیربهێننەوە:

من ئێستا ئەمەوێ بە نیشتیمانی زەین کوێر بڵێم.
لە بری ئەوەی تۆ ناوی ئەو هەموو نەورەس و
پەپولە و باڵندە کۆچکردووانەمان بیر بخەیتەوە.
چەخارا! ئێمە بیری ئەخەینەوە.
ناوی ئەو ئاوازە لەبیر کراوانەی
ئەو پرشنگە لە بیرکراوانەی
ئەو عەشقە لە بیرکراوانەی
ڕۆژانێ بوو تۆ بەوانەوە جوان بووی
بەوانەوە ئەبریسکایتەوە
بەوانەوە ئەشنایتەوە .. (بێکەس، ٢٠١١: ١٨٥ـ ١٨٦)

بۆیە شێرکۆ بە نیشتمانەکەی دەڵێت، ئەگەر تۆ ئەم ڕەمزانەی نیشتمانت بیرنەمابێت، دەبێت ئارەقەی شەرم برێژیت، بە جۆرێک تا لە ناو دەریاچەی ئارەقەی شەرمی خۆت دەخنکێیت:

ئەمەوێ ڕووبەڕوو پێ بڵێم:
کە تۆ نەورەسە سەوزەکەی
چاوانی خۆت بیر نەمابێ
وا باشترە
هەر بەپێی خۆت
بچیتە ناو ئەو دەریاچەی
<<شەرمانەوە>>
کە دەم و چاوت ڕشتوونی
تا ئەخنکێی. (بێکەس، ٢٠١١: ١٨٦)

لەبەرئەوەی شێرکۆ پێیوایە، ئەم لەبیرکراوانەی نیشتمان، بە دەم، بە دەست، بە هەناسە دنیایان بۆ ئەوانی تر جوانتر کردووە. واتە، ئەم لەبیرکراوانەی نیشتمان گیانفیدایان و ناوداران و هونەرمەندانن... هتد. کە هەریەکێکیان بە جۆرێک لە پێناو جوانتر کردن و خۆشتر کردنی ژیان بۆ ئەوانی تر تێکۆشاون و کاریانکردووە. هەیانە بە ڕۆح و ژیان خۆی کردۆتە قوربانی ئەوانی تر، هەیانە بە دەنگ سروودی بۆ نیشتمان چڕیوە، هەیانە بە ڕەنگ وێنەی نیشتمانی جوانتر

کردووە، یاخود دەکرێت بگوترێت ئەمانە بە گوفتار و بە کردار و بە گیان، خەباتیان بۆ نیشتمانەکەیان کردووە، بەڵام خۆیان تاڵاوی ژیانیان چەشتووە و مەینەتی و ناخۆشییەکانی ژیان دنیایان لێکردوون بە دۆزەخێک و جگە لە کڵپەی ئاگری ئەم دۆزەخە هیچی تریان نەدیوە. بە واتایەکی تر، وەکو مۆمێک بە سووتانی خۆیان دەوروبەرەکەی خۆیان ڕووناککردۆتەوە، کەچی ئەمانە بەو حاڵەشەوە لە یادگەی نیشتماندا گومناون:

بیرکراوان، ئەوانەبوون
بەدەم، بەدەست، بە هەناسە
بۆ ئەوانی دی دنیایان جوانتر کرد و
بەڵام خۆیان بە تەنها هەر
نێڵە نێڵی دۆزەخەکەی
ژیانیان دی! (بێکەس، ٢٠١١: ١٨٩)

**٢-٧ نیشتمان لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا**

شێرکۆ لە دەقی ئێستا کچێک نیشتیمانمە، لە ڕێگەی وێناکردنی نیشتمان لە دوو کاتی جیاوازدا، ڕەخنە لە دۆخی ئێستای نیشتمان دەگرێت، بۆ ئەم مەبەستە شێرکۆ لە دوو کاتی جیاواز دوو وێنەی تەواو دژ و پێچەوانەی یەکتری نیشتمان پێشچاو دەخات، وێنەیەکمان لە ڕابردووی نیشتمان نیشاندەدات، کە تێیدا نیشتمان هێشتا جوانییەکانی خۆی لە دەستنەداوە و جێگای هیوا و ئومێدە، بەڵام لە پاڵ ئەمەدا وێنەیەکی تری نیشتمان لە کاتی ئێستادا دەکێشێت، کە ئەو جوانیانەی ڕابردووی نەماون و هیچ هیوا و ئومێدێکی لێبەدیناکرێت، وەک دەڵێت:

گزنگێکی ساوا وتی:
تۆ نیشتیمان!
من نازانم ئەڵێن ڕۆژێک بووە جوان بووی
پڕ بووی لە شەوبۆی گەنجێتی و ورشەورشی
خەوی بەفر و پڕبووی لە ئاوازی سپی و باڵی
پرشنگ بۆ هەڵفڕین. ئەڵێن ئەو ڕۆژەی
تۆ لەگەڵ ئازادیدا، قۆڵ لە قۆڵدا بە زریوە و بریسکەوە،
هاتوونە ناو حەوشەی شەوی زیندانەکەی
ئەم شارەوە، کەس نەماوە ماچی دەست و ماچی

قاچ و خاک و خۆڵی ژێر پێڵاوی ئێوە نەکا! (بێکەس، ٢٠١١: ١٠٤ـ ١٠٥)

وەک دەبینین شێرکۆ وێنەیەکی جوانی ڕابردووی نیشتمان نیشاندەکات، لەو کاتەدا نیشتمان پڕ لە هێز و وزە و ڕووناکی بووە، بەرەو ئایندەیەکی گەش ڕوانیویەتی و لە هەوڵی سەربەستی و ئازادیدا بووە و لای هەموو تاکەکانی نیشتمان پیرۆز و خۆشەویست و جێگای شانازی بووە و کەوتوونەتە سەر چۆک بۆی و خاک و خۆڵی ژێر پێیان ماچکردووە، چونکە لەو کاتەدا نیشتمان هێندە جوان بووە، هێندە جێگای هیوا و ئومێد بووە، بۆیە هەموو ڕۆڵەکانی نیشتمان خەونی جوان و هیوای جوانیان تێدا چاندووە:

من نازانم وەکو ئەڵێن موستیلە و بازنی خەونەکان،

ئەوەندە زۆربوون کچێ نەماوە ژنێ نەماوە نەیانکردبێتە

دەست و پەنجەیان، هیواکان ئەوەندە جوان بوون،

ماڵ نەماوە بە تەنیشت گوڵە باخەکانەوە نەیانڕوێنن.

من نازانم ئەڵێن تۆ لەو دەمەدا، ئەم پیاوە

گرژ و مۆنەی ئەمڕۆ نەبووی، عاشقان خۆزگەیان بووە

لە ناو پارکی ئازادیدا وێنەیەکت لەگەڵ بگرن. یان

دەستێک بکەنە ملت و ماچت بکەن. ... (بێکەس، ٢٠١١: ١٠٦ـ ١٠٧)

نیشتمانی ڕابردووی شێرکۆ لە پێشدا، بەرلەوەی بکەوێتە سەر پێی خۆی و بەرلەوەی دەستی بە نەوت بگات و بکەوێتە داوی پۆست و پلە و پایە و گەشت و گەڕانەوە، نیشتمانێکی پاک و تەمیز و بێخەوش بووە، بەر لەوەی ببێتە قومارچی و چاودێر بە سەر ڕۆڵەکانی خۆی، خەمڕەوێن و هیوای هەژاران بووە:

ئەی نیشتیمانی تازە پیاکەوتوو!

لە ئێستەدا تۆ ئەگەر لەبەر سەرقاڵیی

بە بۆنکردنی نەوتەوە، سەر نەپەرژان،

بەهۆی گەمەی سێ ڕیزکێنی دیموکراسی و

سەر نەخورانت بەهۆی کورسی وەزارەت و

بە سەفەری هەندەران و خەلیجەوە.

بیرت نەبێ!

منێ لە چرای بی نەوت بێکارتر

باش لە بیرمە!

..............................

جارێ نەبووبووی بە تاوس

ڕەنگی پۆلیس و چاوەشت نەگرتبوو!

هێشتا جلی چاڵە نەوتت نەپۆشیبوو!

فێری گەمەی ڕۆڵێت و پۆکەر نەبوو بوویت!

هێشتا تۆ هەر خەیاڵەکانت باخچە بوون

بۆ گوڵی خەم و هەژاریی. (بێکەس، ٢٠١١: ١٤١ـ ١٤٣)

نیشتمانەکەی شێرکۆ هەر کە کەوتۆتە سەر پێی خۆی، پشتی لە ڕابردووی خۆی کردووە و ڕابردووی خۆی لەبیرکردووە، چی جوانییە لە خۆی داماڵیوە و بەرگێکی ناشیرینی پۆشیوە، بۆیە شێرکۆ دەڵێت، ئەو نیشتمانە تێپەڕی و ڕۆیشت، کە هۆگری هەموو ڕۆڵەکانی خۆی بوو و داونەتیە دەست فەرامۆشی:

ئەو نیشتیمانەیان گوزەشت

وەکو ئەڵێن. ئەگەر ڕۆژێ

کانییەکی خۆی نەدیبایە

ئەبوو بە باخی تەم گرتوو

ئەبوو بە دەشتی بێتاقەت. (شێرکۆ، ٢٠١١: ٢٧٤)

شێرکۆ ڕەخنە لە نیشتمانەکەی ئەمڕۆی دەگرێت و بە جۆرێک وێنای دەکات، ئەگەر لە ڕابردوودا نیشتمانێکی ڕاستگۆ و پاکبووبێت، ئەوا لە ئەمڕۆدا بە پێچەوانەوە نیشتمانێکی درۆزن و قاچاغچی و بەرتیلخۆر و ناپاکە و هیچی ناچێتەوە سەر ڕابردووی خۆی:

ئەو نیشتیمانەیان گوزەشت

ـ من نەمدیبوو ـ وەکو ئەڵێن:

کە هێشتا فێری درۆ و دەلەسە و

قاچاغچییێتی سەر سنوورەکان نەببوو

فێری بەرتیل وەرگرتن و گۆڕینەوەی

خوێن بە چەک و فێری چنینی دیوجامەی

دیبلۆماسی و سەمای ورچ و مەیمون ئاسای

ناو کۆنگرەکان نەبووبوو. (بێکەس، ٢٠١١: ٢٧٥)

ئەو دۆخەی ئەمڕۆی نیشتمانەکەی وای لە شێرکۆ کردووە، نیشتمانەکەی وەکو باخێکی زۆر بۆگەن و ئەلبوومێکی پڕ لە وێنەی ناشیرین و ناجۆر ببینێت، کە گەندەڵی و نادادی و نائازادی... هتد، نیشتمانیان لە بۆگەنی نغرۆکردووە و هەریەکەیان بوونەتە وێنەیەکی ناشیرین و ناپەسەند لە ئەلبوومی نیشتماندا، بۆیە شێرکۆ پێیوایە، ئەمە وایکردووە، ئەگەر جاران ڕۆڵەکانی نیشتمان بە عیشقەوە بەرەو پیری دەچوون و گیانیان لەپێناوی دادەنا، ئەوا لە ئەمڕۆدا لێی دەترسن و لێی دەسڵەمێنەوە، شێرکۆ نیشتمانەکەی وشیاردەکاتەوە لەو دۆخەی تێیکەوتووە. ئەگەر دۆخەکە هەر بەم جۆرە بڕوات، ئەوا هەر ئەو دز و قاچاغچییانە بە دەوریەوە دەمێنن، کە خۆی کردووینی بە میر و سەردار و سوودمەندن لە نیشتمان:

تۆ ئەو سەردەمە ئەو پیاوە ناشرینەی ئەمڕۆ نەبووی.
ئا ئەم باخچە پاسفندەیە* و
ئەم ئەلبوومە زشتە نەبووی. تۆ ئێستا منداڵەکان
لێت ئەترسن. ژنەکان کە ئەتبینن دەرگای ماڵەکانیان
دائەخەن. ئەگەر وا بڕوا تۆ ڕۆژێک بە تەنیا
ئەمریت و لەگەڵ دارە مەیتەکەتدا هەر ئەو قاچاغچی و
دزانە ئەڕۆن کە خۆت کردنت بە میر و سەردار! (بێکەس، ٢٠١١: ١٠٧ـ ١٠٨)

**٨ـ٢ خەباتکارانی نیشتمان لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا**

لە دەقی ئێستا کچێک نیشتمانمە، شێرکۆ وەک چۆن دوو وێنەی جیاوازی نیشتمان لە دوو کاتی جیاواز نیشاندەدات، بە هەمانشێوە دوو وێنەی جیاواز لە خەباتکارانی نیشتمان لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا دەکێشێت. لەم ڕێگەیەوە ڕەخنە لە خەباتکارانی ڕابردوو و ئێستای نیشتمان دەگرێت. لە ڕابردوودا خەباتکاران وا وێنادەکات، کە ئەرکێکی پیرۆزیان لەکۆڵناوە و لە پێناو نیشتمان و ئازادیی نیشتماندا قوربانییانداوە و خەباتیان کردووە، بەڵام لە ئەمڕۆدا خەباتکاران بە پێچەوانەی باوەڕ و ڕابردووی خۆیان بوونەتە بار بە سەر نیشتمان و هۆکاری دۆخی خراپی نیشتمانن:

لەو دەمەدا کە نیشتیمان هێشتا جوان بوو.
ئەو بەردەی لەسەر ئازادی کانیاوێ

---

*پاسفندە: زۆر بۆگەن

دەستی چەپی خۆی دانابوو. ئەمجارەیان کە هاتەوە،

بە دەستی ڕاست دزی لە گۆمەکان ئەکرد. (بێکەس، ٢٠١١: ٢٨٠)

شێرکۆ لێرەدا هەندێک لە خەباتکارانی ڕابردووی نیشتمان بە جۆرێک نیشاندەدات، ئەگەر لە ڕابردوودا قوربانییان بۆ نیشتمان دابێت و بۆ ئازادیی نیشتمان تێکۆشابن، دوای گەیشتن بە ئازادی، لە بری خزمەتکردنی خاک و خەڵکی نیشتمان کەوتوونەتە دزی و تاڵانی لە نیشتمان، گەر دەستێکی کردبێتە قوربانیی ئازادیی کانییەکی نیشتمان، ئەوا ئەمڕۆ بە دەستەکەی تر نەک دزی لە کانییەکان، بەڵکو لە گۆمەکان دەکات. لە درێژەی وەسفی خەباتکاران لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا دەڵێت:

ئەو دارگوێزە جەنگاوەرەی لە ناو دەربەندێکی تەنگدا،

شوێن مردن کەوت و ملی گرت، کێ نەیبینێ

کە وەختێکیش گەڕایەوە لە بەردەمی بانکەکاندا

بە هەزار پەل خۆی بائەدا و سەمای ئەکردا ئەو

پڵنگەی کە یەکەم ڕۆژ خۆیکرد بە ناو مەرگە

سوورەکەی ئێرەدا. لە کراسێکی خەت خەتی ڕەش و سپی

بەری خۆی و لە جووتێ پێڵاوی لاستیک بەولاوەتر،

هیچی نەبوو، ئەوا ئەمڕۆیش پێڵاوی لاستیک

زێڕینە و ئەوا ئێستەیش ڕووبار ئەکڕێ و

شاخ ئەفرۆشێ و ئەیەوێ دەریاچە قووتدا و

تەماعی کردۆتە مانگ و داوا ئەکا بۆی دابەزێ! (بێکەس، ٢٠١١: ٢٨١)

وەک دەبینن ڕەخنەی شێرکۆ لەو خەباتکارانەی نیشتمانەکەیەتی، کە لە ڕابردوودا لە خەبات لە پێناو نیشتماندا سڵیان لە هیچ شتێک نەکردووەتەوە، بەڵام کە هاتوونەتەوە نیشتمان، بە دوای پارەوپول و سەرمایە و خۆدەوڵەمەندکردن کەوتوون. شێرکۆ وا وێنایاندەکات، کە لە ڕابردوودا و لە کاتی خەباتدا خاوەن هیچ شتێک نەبوونە و تەنها سەرمایەیان کراسێکی شڕ و پێڵاوێکی لاستیک بووە. بەڵام لە ئەمڕۆدا بوونەتە سەرمایەدار و بازرگان و پێڵاوە لاستیکەکەیان بووەتە زێڕ و لە ژیانێکی شاهانەدا دەژین. چاوچنۆکی و تەماحیان هەموو سنوورێکی بڕیوە و هەر بیر لە زیاتر خۆدەوڵەمەندکردن دەکەنەوە و بازرگانی بە هەموو شتێکی نیشتمانەکەیانەوە دەکەن، کەچی هێشتا سووکنایی دڵیان نایەت و داوای زیاتر دەکەن و چاوی تەماحیان بڕیوەتە ئاسمان.

**٢ـ٩ نادادی**

دادپەروەری بەردی بناغەی گەشە و پێشکەوتنی نیشتمان و ئاسوودەیی تاکە لە نیشتمان. هەر کاتێک دادپەروەری و یەکسانی لە کۆمەڵگادا هەبوو، ئەو کۆمەڵگایە بەرەوپێشچوونێکی زۆر بەخۆیەوە دەبینێت، چونکە دادپەروەری کاریگەری لە سەر کۆی ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵگا هەیە. کۆمەڵگا بەبێ دادپەروەری بۆگەندەکات و کۆمەڵگایەکی ناتەندروست و ناسەقامگیر دروستدەبێت، کە هیچ کەسێک ئاواتی ژیانی تێدا ناخوازێت. شێرکۆ لە دەقی ئێستا کچێک نیشتیمانە سکاڵا لە نادادی دەکات و ڕەخنەی ئەوە لە نیشتمانەکەی دەگرێت، کە ئەوەی لەم نیشتمانەدا ناوی لە ناو ناوان نەبێت دادپەروەرییە، شێرکۆ وا وێنایدەکات، لە مەملەکەتەکەی ئەو هیچ کەس دادپەروەری ناناسێت و سەرزەمینێکە بە دادپەروەری ئاشنا نییە:

ئەم کاتەت باش
من ناوم <<عەدالەتە>>
لەسەر زەمین چاوێکی خوا و
دەستێکی خوام.
ئەوەتەی هاتوومەتە ئەو نیشتیمانەوە
کەس نامناسێ و کەس نامبینێ و
ئەوەی ناوی نەبێ منم. (بێکەس، ٢٠١١: ٣١ ـ ٣٢)

نیشتمانەکەی شێرکۆ نەک هەر نائاشنایە بە دادپەروەری، بەڵکو ڕق ئەستوورە بەرانبەری و نەک هەر پیادەی ناکات، بەڵکو هەر سەردەربێنێت، سەری دەبڕێت و نایەڵێت ڕۆشنایی ببینێت:

من لێرە تەنهام.
هەموو شەوێ بە چرپاکەی خۆمەوە ئەمبەستنەوە
پلاستەرێکیش ئەدەن لە دەمم.
ئەم نیشتیمانە ئەوەندە ڕقی لە منە
هەر هەڵێکی بۆ هەڵکەوێ سەرم ئەبڕێ. (بێکەس، ٢٠١١: ٣٢)

لە درێژەدا، شێرکۆ وا وێنایدەکات، کە لە نیشتمانەکەیدا سەرباری ئەوەی دادپەروەری نییە، بەڵام لە ژێر پەردەی دادپەروەری خۆیان حەشاردەدەن و بەرگی دادپەروەری دەپۆشن و زۆر بێشەرمانە دەچنە ناو خەڵک و خۆیان نەک هەر بە دادپەروەر، بەڵکو زۆر لە سەرووی دادپەروەریش دەبینن و دەناسێنن:

من بە ئاسانی نادزرێم

بەڵام لێرە ئەگەر ئاگام لە خۆم نەبێ
ئەمدزن و ئەمفڕێنن
ماسکەکەی من ئەبەستن و
تەرازووەکەم هەڵئەگرن و
ئەچنە دەرێ بۆ ناو خەڵک و
سلسار* سلسار
ئەڵێن ئێمە نەک عەدالەت
خودایەکی تازە هاتووی ئەم وڵاتەین!. (بێکەس، ٢٠١١: ٣٢- ٣٣٣)

**٢-١٠ نەبوونی ئازادی**

ئازادی بەشێکە لە سروشتی مرۆڤ و بوونێکی سەربەخۆی پێدەبەخشێت و سەربەستیدەکات لە هەڵبژاردنی جۆری ژیان و بیرکردنەوە و دەربڕینی ڕا... هتد. هەرکاتێک مرۆڤ ئازاد بوو و لە ژێر کاریگەری هیچ گوشار و ویست و ئیرادەیەک نەبوو لە دەرەوەی ویست و ئیرادەی خۆی، لەو کاتەدا درک بە بوونی خۆی وەک مرۆڤ و ماف و ئازادییەکانی دەکات. وەک چۆن نان و ئاو و هەوا بۆ مرۆڤ پێویستن، بە هەمانشێوە ئازادیش هیچی لەمانە کەمتر نییە. سەرەتاییترین مافە، کە دەبێت بە هەر مرۆڤێک بدرێت، کۆمەڵگا بەبێ ئازادی کۆمەڵگایەکی ستەمکار و دیکتاتۆرە و شوێنێک نییە بۆ مانەوەی مرۆڤە ئازادیخوازەکان تێیدا. بوونی ئازادی لە هەر کۆمەڵگایەکدا نیشانەی پێشکەوتن و کرانەوە و دیموکراسییە و سیمایەکی جوان بە کۆمەڵگا دەبەخشێت. بۆیە دەبێت کۆمەڵگا ئازادی بە تاکەکانی ببەخشێت و لێبگەڕێت هەر کەسێک گوزارشت لە خۆی بکات و نەبێتە مەکینەیەک بۆ بەرهەمهێنانی مرۆڤی دەستەمۆ و سەرکوتکراو. لەم ڕووەوە دەبینین شێرکۆ ڕەخنە لە دۆخی ئازادی لە نیشتمانەکەی دەگرێت و نارازییە لە بارودۆخی هەبووی نیشتمان و پێیوایە، نیشتمانەکەی کۆمەڵگایەکی نائازادی بەرهەمهێناوە و بووەتە چاودێر بە سەر تاکەکانی خۆیەوە، هەموو جووڵە و کردار و ڕەفتار و ڕوانین و دەربڕینێکی تاکەکانی لە ژێر چاودێری نیشتماندایە و تاکەکانی لە ژیانی خۆیاندا ئازاد نین:

نیشتیمان بۆتە پاسەوان
بە سەر دەنگ و ڕەنگمانەوە
گاردە بە دیار نیگامان و

* سلسار: بێشەرم.

وەردیانیش بە دیار جوونی پارۆکانی

دەممانەوە (بێکەس، ٢٠١١: ٦٢)

نیشتمانەکەی شێرکۆ دەنگە ئازادیخواز و ناڕازی و جیاوازەکان کپدەکات و نایەڵێت هیچ تاکێک ڕەخنە لە نیشتمان بگرێت و ناشیرینی و گەندەڵی و نادادییەکانی نیشانبدات. نیشتمان بە تۆمەت و پاساوی دانەپاڵی سیفەتی تێکدەرانە و بێڕێزیکردن و ڕێزنەگرتنی نیشتمان و ناوزڕاندن و ناشیرینکردنی نیشتمان، ئەم دەنگانە کپدەکات و نایەڵێت بێنەگۆ:

باخەوانی لەخۆبایی

ناهێڵێ بە دڵی خۆم بخوێنم

ئەڵێ تۆ فرێنت شوومە و گۆرانییەکانی لاساری.

ئەڵێ تۆ بە قەد ڕیقنەیەک ڕێزی نیشتیمان ناگری. (بێکەس، ٢٠١١: ١٦)

ئەم دەنگە ناڕازی و ڕەخنەگرانە، لای نیشتمان مایەی بێزارین و ڕێگرن لە بەردەم ستەم و نادادییەکانی، هۆکارێکن بۆ وشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا و بەخشینی زیندوویێتی بە کۆمەڵگا و بەرهەمهێنانی تاکێک و کۆمەڵگایەکی وشیار، کە لە ئاست ستەم و نادادییەکانی نیشتمان چاوپۆشی نەکەن و قبووڵینەکەن، بۆیە نیشتمان ئەم دەنگانە بە پاساوی دروستکردنی پشێوی لە کۆمەڵگا و تۆمەتی نارەوا وەک ئەوەی ئەم دەنگانە لە لایەن خەڵکانی ترەوە بۆ تێکدانی نیشتمان هاندەدرێن، کپ و بێدەنگیان دەکات و سەرکوتیاندەکات:

پێم ئەڵێ تۆ وەڕسکەری وەڕسکەر.

بەیانیان زوو پێش (با) و پێش کازیوە و

بەر لە نیشتیمان خۆی، لە خەو هەڵئەسێ.

بە جووکە جووک مێشکی ئەم درەختانەت بردووە!

تۆ خەوت لە ئاو، لە گوڵ، لە گیا زڕاندووە.

ئەم هەموو زەردە زیرەی پرسیارانە چییە

ئەیانوروژێنی و

پێم ئەڵێ ئەم دەنووکە دەنووکی خۆت نییە! (بێکەس، ٢٠١١: ١٦ـ ١٧)

شێرکۆ پێیوایە، نیشتمان نەک هەر ئەم دەنگانە کپدەکات، بەڵکو هەوڵدەدات لە ژێر گوشاردا تاکەکانی بکات بە دەنگی خۆی و لە سەر هەمانئاوازی ئەوان بخوێنن و لە ژێر ویست و ئیرادەی ئەواندا بن. بە جۆرێک هەر شتێکی ویست و فەرمانیکرد لێی لانەدەن و جێبەجێیبکەن. بە واتایەکی تر، شێرکۆ پێیوایە، نیشتمانەکەی بە پشتبەستن بەو هێز و دەسەڵاتەی کە هەیەتی، لە هەوڵی

دەستەمۆکردن و ڕاوکردنی تاکەکانیدایە و ئازادیی ڕوانین و بیروڕایان لێ زەوتدەکات، هەر تاکێکیش نەهاتە ژێر فەرمانەکانی نیشتمان، ئەوا مەرگ چاوەڕێی دەکات و کۆتاییەکەی نەمانە، وەک دەڵێت:

ڕۆژێ بەردێکی خزمی نیشتیمان
بە کانییەکی نەناسراوی وت
ئەبێ لەو دەشتەدا بۆم بنووسی
کە من لە تۆش ناسکترم!.
کانیەکە وتی: من هەرگیز درۆی واناکەم
بەردەکە پێی وت: ئەتکوژم.
ـ بشمکوژی من هەرگیز درۆی واناکەم.
بەردی نەگریس خۆی خل کردەوە
هەتا سەردەمی کانیەکە و
نەیهێشت کانی هەناسەبات هەتاوەکو مرد (بێکەس، ٢٠١١: ١٤٩ـ ١٥٠)

**٢ـ١١ دزی و گەندەڵی و ستەم**

شێرکۆ بێکەس ڕەخنە لە دەستەیەکی نیشتمانەکەی دەگرێت، کە بەرانبەر بە خاک و خەڵکەکەیان ناپاک و نابەرپرسیارن. بە جۆرێک هەرچی دزی و گەندەڵی و غەدر و ستەمە لە خاک و خەڵکەکەیان دەکەن، هیچ ئەرک و بەرپرسیاریەتییەک بەرانبەر بە خەڵک و نیشتمانەکەی خۆیان ناخەنە سەرشانیان، بە پاڵپشتیی ئەو هێز و دەسەڵاتەی کە نیشتمان، پێیداون دزی و گەندەڵی و ستەم دەکەن و زۆر نابەرپرسانە ڕەفتار دەکەن، هەریەکە و لە لایەکەوە دەستیداوەتە دزیکردن و بەو کار و ڕەفتارانەیان وڵاتیان ناشیرین و بۆگەنکردووە و  مێژووی نیشتمانیان کردۆتە زێرابێک، جگە لە بۆگەنی و پیسایی، هیچی تری تێدا نییە. وەک دەڵێت:

ئەم دەست بەو دەستی نەزانی پەنجە دزرا!
ئەم قاچ بەو قاچی نەزانی ڕێگە دزرا!
ئەم چاو بەو چاوی نەزانی سەرنج دزرا!
ئەم باڵ بەو باڵی نەزانی فڕین دزرا!
ساروماره* .. ساروماره

*سار و مار: زۆر بۆگەن.

ئەم دیرۆکی دەسەڵاتی سەرزەمینە و

بۆنی دەمی درۆکانی ئەم ڕۆژگارە! (بێکەس، ٢٠١١: ٣٣ـ ٣٤)

شێرکۆ لە زاری (مەترە)یەکەوە دزی و تالآنی ئەم دەستەیەی نیشتمان نیشاندەدات، کە نیشتمانیان بۆ خۆیان پاوانکردووە و تا توانایان هەبووە لێیان دزیوە، بە جۆرێک کە (مەترە)ش بارتەقای پێوانی زەوی و موڵکە دزراوەکانیان نەهاتووە، کە لە ڕاستیدا ئەو زەوی و موڵکانە موڵکی گشتین و دەبێت بخرێنە خزمەتی گشتییەوە، بەڵام ئەم دەستەی نیشتمان ئەو موڵک و زەویانەیان بۆ خۆیان دابڕیوە و کردوویانە بە هی خۆیان:

من ناوم <<مەترە>> یە

مەترەی ئەرز پێوان

بێزارم .. بێزار

چەند ساڵە کۆمەڵە دەستێکی نیشتیمان

لە بناری ئەو شاخەوە هەتا ناوشار

ئەمکەنەوە و ڕامئەکێشن

جاری وا هەیە من چەند جار تەواو ئەبم

بەڵام ئەوان ئەرزەکانیان تەواو نابێ! (بێکەس، ٢٠١١: ١٩ـ ٢٠)

ئەم دەستەیە نەک هەر بۆ خۆیان دزی و تالآنی لە نیشتمان دەکەن، بەڵکو نیشتمانیان بە جۆرێک لە سەر خۆیان تاپۆکردووە، وەک ئەوەی موڵک و ماڵی کەسی خۆیان بێت، ئازاد بن لەوەی چۆن مامەڵەی پێوە دەکەن، وەک ئەوەی شێرکۆ دەڵێت، ئەمانە موڵک و ماڵی نیشتمان تەخشان و پەخشان دەکەن و بە سەر خزم و کەس و دۆست و دەوروبەر و خزمەتکارەکانیان دابەشیدەکەن، بەمەش شێرکۆ ئەمانە دەخاتە خانەی کەسانی دز و گەندەڵکارەوە:

ئەم نیشتیمانە!

منی بە تەنها و بە تەنها بۆ خۆی ئەوێ.

نیوەی سەوزاییمی داوە بە کەنیزەکەکانی.

نیوەی درەختی بەخشیوم بە بەغدا.

نیوەی سەیرانگەکانمی لەسەر پێکەنینەکانی خۆی و

خزمەکانی تاپۆ کردووە.

نیوەی ڕووبار و دەریاچەمی

داوە بە کۆمەڵێ گردی عەمامە بەسەرا! ( بێکەس، ٢٠١١: ٦٤)

ڕەخنەیەکی تر، کە شێرکۆ لەمانە دەیگرێت ئەوەیە، ئەمانە نەک هەر دزی و تالانی لە موڵکی گشتی دەکەن، بەڵکو چاوی تەماحیان لە موڵکی تایبەتی خەڵکیشە و بە هێز و دەسەڵاتیان ستەم لە خەڵکی دەکەن و لەپێناو بازرگانی و پڕۆژەکانیان دەست بۆ موڵکی تایبەتی خەڵکیش دەبەن و ناچار بە بەجێهێشتنیان دەکەن. ئەم کارانەشیان لە ژێر ناوی بەرژەوەندیی گشتی و خزمەتی گشتی دەکەن، کەچی لە بنەڕەتدا بۆ بەرژەوەندی و خزمەتی چەند کەسێکی دیاریکراوە:

من ناوم کیسەڵە

ئەوە چەند ساڵە لەو گوێ گۆمە

حەماڵی ئەکەم

ئا ئەو کونەش ماڵەکەمە.

بەڵام دوێنێ چەند قاچێکی نیشتیمانم لێ پەیدا بوون

تووڕە و تڕۆ

بە نووکە شەق هەتا ئەو خوارە بردیانم

پێیان وتم: لەبەر بەرژەوەندی ئاو و ئەو شاخانە

لەبەر بەرژەوەندی هوما و باز و

ئەو هەموو کەڵە کێویانە

ئەبێ بڕۆن، هەتا زووە

ئێرە چۆڵکەن

چونکە هەڤاڵ هەڵۆزادە وا بەنیازە

لە دوای نەورۆز .. ئا ئەم ئاستە

لە سەرەوە هەتا ئەو سەر

بکات بە کێڵگەی نازداری

گوڵی خەشخاش (بێکەس، ٢٠٠١: ٢٩ـ ٣٠)

بە گشتی، شێرکۆ دەڵێت: ئەم خەڵکانەی نیشتمان دز و گەندەڵ و ستەمکارن، چی دزی و گەندەڵی و ستەمە لە نیشتمان دەیکەن، بەو کارانەیان بوونەتە ناشیرینی و پیسی بۆ کۆمەڵگا و نیشتمانیان بۆگەنکردووە و کردوویانەتە بۆگەنستان. چونکە دزی و گەندەڵی و ستەم سەرچاوەی سەرەکی نەهامەتی کۆمەڵگایە، هەر کۆمەڵگایەکیش ئەمانەی تێدا زۆر بوو بۆگەن دەبێت و بەرەو داڕووخان و لەناوچوون دەچێت. لە ڕوانگەی مارکۆزەوە "بەرهەمی هونەری ئەوەی هەیە نایشارێتەوە، بەڵکو ئاشکرایدەکات و پەردەی لە سەر دادەماڵێت" (مارکۆزە، ٢٠١٧: ٨٧)، لێرەشدا

شێرکۆ دۆخی هەبووی نەخوازراوی نیشتمانەکەی ناشارێتەوە، بەڵکو ئەوەی هەیە (دزی، گەندەڵی و ستەم) لە نیشتمانەکەی ئاشکرادەکات و ڕەخنەی لێدەگرێت و دژی دەوەستێتەوە.

## ٢-١٢ یۆتۆپیا و دیستۆپیا

لە ڕوانگەی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەییەوە، بەرهەمێکی هونەری ڕەسەن و پەسند و شیاوی ستایشە، کە لە لایەکەوە بارودۆخی هەبووی نەخوازراوی کۆمەڵگا ڕەتبکاتەوە و ڕەخنەی لێبگرێت و دژی بوەستێت. لە لایەکی ترەوە، هیوای گەیشتن بە دنیایەکی باشتر و جوانتر و خوازراو بەرجەستە بکات. بە واتایەکی تر، لە پاڵ دنیای نەخوازراوی هەبوو دنیایەکی خوازراو وێنابکات و نیشانبدات. لەم ڕووە مارکوزە پێیوایە، هونەر بە ڕەخنەگرتن لە بارودۆخی هەبووی کۆمەڵگا هەمیشە وێنای جیهانێکی تر دەکات، کە لە ڕاستیدا ئەم جیهانە هەمان یۆتۆپیا یان هیوا شارە، کە لە واقیعدا هەیە و هەر بە مەبەستی بەدیهێنانی ئەم جیهانەشە، کە هونەر بەرانبەر بە کۆمەڵگا و بارودۆخی نەخوازی دەوەستێتەوە و ڕەخنەی لێدەگرێت (مارکوزە، ١٤٠٠: ٥٧)، ئەمەش وا دەکات، ناوەڕۆکی بەرهەمی هونەری شتێک بێت لە نێوان یۆتۆپیا و دیستۆپیادا. بەو پێیەی یۆتۆپیا "چەمکێکی فەلسەفییە و پەیوەندی بە شوێنەوە هەیە، شوێنێک لە ڕاستیدا لەم جیهانەدا نییە، واتە، ئەو شوێنەی هەموو شتێک تیایدا ئارام و ئایدیالییە، شوێنێکی ئایدیالی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، شوێنێک هەژاری و نەخۆشی و ململانێ و چەوسانەوە و دەسەڵاتی تێدا نییە، خەڵکەکەی لەوپەڕی ئازادی و ئارامی و یەکسانی و ئاسوودەییدا ژیان بەسەردەبەن" (ئەسوەد، ٢٠١١: ٣٣٠). هەرچی دیستۆپیایە پێچەوانەی یۆتۆپیایە "ئاماژە بۆ شوێنێکی زۆر خراپ و نالەبار دەکات، کە پڕە لە نەخۆشی و هەژاری و چەوسانەوە" (ئەسوەد، ٢٠١١: ٣٣١). لەم ڕووەوە ئادۆرنۆ پێیوایە، هونەر بە ڕەخنەگرتن لە بارودۆخی خراپ و ناهەمواری کۆمەڵگا (دیستۆپیا)یە. بەڵام لەو شوێنەی پێشنیازدەکات، چۆن شتەکان و بابەتەکان دەتوانن لەوەی کە هەن باشتر بن (یۆتۆپیا)یە (شاهندە و نوذری، ١٣٩٢: ٤٢). بە واتایەکی تر، هونەر لە ڕێگەی ڕەخنەگرتن لە واقیعی هەبووی کۆمەڵگا، کە پڕیەتی لە ستەم و نادادی و هەژاری... هتد، وێنای کۆمەڵگایەکی دیستۆپیمان بۆ دەکات، بەڵام لەو کاتەی هیوای گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی باشتر و جوانتر دەخوازێت و کۆمەڵگا و دنیایەکی باشتر لەوەی، کە هەیە وێنادەکات، ئەوا کۆمەڵگایەکی یۆتۆپیمان بۆ بنیاتدەنێت و نیشاندەدات.

دەقی (ئێستا کچێک نیشتیمانمە)ی شێرکۆ بێکەسیش شتێکە لە نێوان یۆتۆپیا و دیستۆپیادا، بەو پێیەی لە لایەکەوە شێرکۆ لە سەرەتادا ڕەخنەی توند لە نیشتمان و بارودۆخی هەبووی

نیشتمانەکەی دەگرێت. نیشتمان و کۆمەڵگاکەی بە شێوەیەک وێنادەکات، کە هیچ خۆشی و ئارامییەکی تێدا نییە و پڕیەتی لە سەرکوتکردن و ستەم و نادادی و نایەکسانی و هەژاری... هتد (دیستۆپیا). لە لایەکی تریشەوە، شێرکۆ نیشتمانێکی تر وێنادەکات، کە تەواو پێچەوانەی نیشتمانەکەی پێشوویەتی و پڕیەتی لە خۆشی و ئارامی و ئازادی و یەکسانی... هتد (یۆتۆپیا). بە واتایەکی تر، وەک ئەوەی مارکۆزە پێیوایە، "هونەر لایەکی ڕووی لە نەفیکردن و ڕەتکردنەوەی ژیانی هەبووە و لایەکی تری ڕوو لە سەلماندنی ژیانی خوازراوە" (آرام، ١٣٩٣: ١٨)، شێرکۆش لە لایەکەوە بارودۆخی هەبووی نیشتمان ڕەتدەکاتەوە و ڕەخنەی لێ دەگرێت، لە لایەکی تریشەوە، لە هەوڵی نیشاندانی نیشتمانێکی ترە، کە نیشتمانی خوازراو و دڵخوازە، ئەو نیشتمان و کۆمەڵگا یۆتۆپییەش، کە شێرکۆ وێنایدەکات (ڕۆزانا)یە:

من ئێستا نیشتیمانی خۆم دۆزیوەتەوە

نیشتیمانی تازەی من کچێکە لە نیشتیمانە پیر و

عەبوسەکەی

ئێوە ناچێت ...

... من ئیتر نامەوێ

لەو نیشتیمانە بێ خەونەی ئێوەدا بژیم. من ئەمەوێ

بچمە ناو گەردوونی ڕەنگاڵەیی ئەو کچەوە. ئەو

سیحرەوە،

لەوێدا خەو ببینم ... (بێکەس،٢٠١١: ٢٨٤ـ ٢٨٥)

لێرەدا ڕۆزانا دەلالەتە لەو دنیا و نیشتمان و کۆمەڵگا یۆتۆپییەی، کە شێرکۆ خەونی پێوە دەبینێت و هەوڵی بەدیهاتنی دەدات. ئەو نیشتمانە تازەیەی شێرکۆ تەواو جیاواز و پێچەوانەی نیشتمانە کۆنەکەیەتی و هیچی ناچێتە سەر نیشتمانی ڕابردوو، ئەگەر لە نیشتمانی کۆن و ڕابردوودا تاکەکانی دڵخۆش و کامەران نەبووبن، وەک ئەوەی شێرکۆ لە باسی نیشتمانی ڕابردوودا دەڵێت:

من <<کامەران>> م

یەکەم درۆی نووساوە و بەرجەستە

بە خۆمەوە

ناوەکەمە!

هەر وەک ئەوەی <<دڕدۆنگ>> ناوی

<<دڵنیا>> بێ

<<قاقر>>یش ناوی <<دارستان!>> (بێکەس، ٢٠١١: ٧)

ئەوا لە نیشتمانی تازەدا پێچەوانەکەی ڕاستە و تاکەکانی بە ئاسوودەیی و ئارامی تێیدا دەژین و هەست بە هیچ بێزاری و وەڕسبوونێک لەم نیشتمانە ناکەن، بۆیە ئەگەر کامەران لە نیشتمانی ڕابردوودا ناوەکەی لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی تەبا نەبێت، ئەوا لەم نیشتمانەدا ناو و ناوەڕۆک لەگەڵ یەکتر تەبا و کۆکن، وەک دەڵێت:

من ئێستا ڕۆژانا نیشتیمانمە

من ئێستا لەم نیشتیمانە تازەیەدا

بووم بە کەمانچەیەکی کامەران و

شەپۆل لێئەدەم

درەخت ئەژەنم

من هاوڵاتییەکی ڕۆژانای نیشتیمانم

ئەیلێمەوە

بۆ یەکەم جاریشە خۆم و ناوەکەم

تەبا بین و لە یەک بچین (بێکەس، ٢٠١١: ٢٢٤ـ ٢٢٥)

ئەو کامەرانی و ئاسوودەییەی تاکەکان لە نیشتیمانی نوێدا لەوەوە سەرچاوەدەگرێت، کە هەر شتێک نیشتمانی کۆن لە تاکەکانی خۆی مەحرووم کردبێت و لێی بێبەشکردبن و بۆی دابیننەکردبن و پێینەدابن، ئەوا نیشتمانی نوێ بۆی دەستەبەرکردوون و پێیداون. ئەگەر نیشتمانی ڕابردوو پڕ بووبێت لە زوڵم و ستەم و سەرکوتکاری و هەژاری و نادادی، ئەوا نیشتمانی نوێ نیشتمانێکە تێیدا تاکەکانی ئازادن و یەکسانی و دادپەروەری تێیدا پەیڕەو دەکرێت و بەرقەرارە، بۆیە شێرکۆ دەڵێت:

<<ئیلوار>>ی شاعیری فەڕەنسی نیو سەدە پێشتر

کە عاشقی ئازادیی بوو ناوی ئەوی لەسەر

هەموو شتێ نووسی. بەڵام من لە باتی ناوی

<<ئازادی>> یان <<نیشتیمان>> یان <<یەکسانی>>

ناوی <<ڕۆژانا>> ئەنووسم. (بێکەس، ٢٠١١: ٢١٥)

بە گشتی شێرکۆ لەم دەقەدا لە پاڵ ڕەخنەگرتن لە واقیعی نیشتمان و دەسەڵاتەکەی و ڕەتکردنەوەی ئەو بارودۆخە نەخوازراوەی لە نیشتمان و کۆمەڵگاکەیدا هەیە، لە هەوڵی

دروستکردنی نیشتمان و کۆمەڵگایەکی یۆتۆپی دایە، وەکو جێگرەوەیەک بۆ نیشتمانەکەی. چونکە لە ڕوانگەی شێرکۆوە ئەوەی هەیە (بارودۆخی هەبوو) هەمان ئەوە نییە، کە دەبێت هەبێت (بارودۆخی خوازراو)، بۆیە دەبێت بارودۆخەکان بگۆڕدرێن و بە بارودۆخی دڵخواز بگەین. لە ڕاستیدا ڕەخنەگرتن و وەستانەوەی بەرانبەر بە نیشتمان و دەسەڵاتەکەیشی هەر بە ئامانج و مەبەستی گەیشتن بەو دنیا ئایدیالی و یۆتۆپییەیە، کە شێرکۆ هیوای پێدەخوازێت.

## ئەنجام

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

ـ دەقی (ئێستا کچێک نیشتیمانمە) بریتییە لە ڕەخنەنامەی شێرکۆ بێکەس بەرانبەر بە نیشتمانەکەی، لەم دەقەدا شێرکۆ زۆر بە توندی ڕەخنە لە نیشتمان دەگرێت و ڕوانگەیەکی نەرێنی و ڕەتکەرەوەی بەرانبەر دۆخی هەبووی نیشتمان و کۆمەڵگاکەی هەیە و لەگەڵی ناڕازی و ناتەبایە و دژی دەوەستێتەوە، ئەمەش ئەم دەقە لەگەڵ ڕوانگەی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی بۆ هونەر و ئەدەبیات کۆک و تەبا دەکات، کە ڕەهەندێکی ڕەخنەگرانە بۆ هونەر و ئەدەبیات لەبەرچاودەگرن.

ـ ئەم دەقە ماهیەتێکی یان ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتییانەی هەیە، ئەمەش نەک لەبەرئەوەی ناوەڕۆکەکەی یان کەرەستە خاوەکەی لە کۆمەڵگا وەرگرتووە، بەڵکو وەک ئەوەی فرانکفۆرتییەکان دەیڵێن دەقەکە لەو ڕووە کۆمەڵایەتییە، کە لەگەڵ کۆمەڵگا دژ و بەرانبەرە و پەیوەندییەکی ڕەتکەرەوەی لەگەڵی هەیە و بە هیچ شێوەیەک بارودۆخی هەبوو پەسندناکات و ڕەتیدەکاتەوە.

ـ لە ڕوانگەی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی دەقی (ئێستا کچێک نیشتیمانمە) لە قاڵبی ئەدەبی ڕەسەن جێدەگرێت و دەقێکی ڕەسەنە، چونکە ئەگەر پێوەری ڕەسەنبوونی دەقێک لە ڕوانگەی ئەم تیۆرە ڕەخنەگرتن و وەستانەوە بێت بەرانبەر بە بارودۆخی هەبووی کۆمەڵگا، ئەوا ئەم دەقە بناغەی دروستبوون و بەرهەمهێنانی لە سەر ڕەخنەگرتن و وەستانەوە دژ بە بارودۆخی هەبووی کۆمەڵگا وەستاوە.

ـ تەوەرە سەرەکییە ڕەخنەییەکانی ئەم دەقە، ڕەخنەگرتن و وەستانەوەیە بەرانبەر بە نیشتمانەکەی، شێرکۆ بێکەس لەم دەقە ڕەخنە لە نیشتمانەکەی دەگرێت، کە نیشتمانێکی چەقبەستوو، لەخۆبایی، فریودەر، دز و نادادپەروەرە. کە تاکەکانی تێیدا لە ژیانێکی هەژارانە و بێکاریدان. لە ژیانێکی ژێردەستەیی دەژین و ئازادنین و بەردەوام لە لایەن نیشتمانەوە سەرکوتدەکرێن. ئەوانەی لە پێناو نیشتماندا خەباتیانکرد و نیشتمانیان جوانتر کرد، لە یادگەی نیشتماندا شوێنێکیان نییە و بە فەراموشی سپاردوون، لە بەرانبەردا دەستەیەکی کەمی نیشتمان کە لە ڕابردوودا خاوەن هیچ شتێک نەبوون لە ئێستادا بوونەتە دز و چەتە و دەسەڵاتدار بە سەر خەڵکەوە و لە پێناو بەرژەوەندییەکانیان هەموو شتێک دەکەن. بۆیە شێرکۆ ڕەخنەیان لێدەگرێت

و پێیوایە، نە نیشتمان و نە خەباتکارانی هیچیان ناچێتەوە سەر ڕابردوویان، لە هەمانکاتدا هەر ئەوان بوون شەڕی براکوژیان هەڵگیرساند و براکانیان بە یەکتر بە کوشتدا.

## لیستی سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی

**ـ کتێب**

ـ ئەحمەد، شوان (٢٠١٢)، چەند بابەتێکی فیکری، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

ـ ئەحمەدی، بابەک (٢٠٠٨)، هەقیقەت و جوانی (وانەکانی فەلسەفەی هونەر)، و. مەسعود بابایی، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی، هەولێر.

ـ بێکەس، شێرکۆ (٢٠١١)، ئێستا کچێک نیشتیمانە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

ـ جویل، فلیمینگ و ئەوانی تر (٢٠١٦)، قوتابخانەی فرانکفۆرت- فەلسەفە وەک تیۆرییەکی ڕەخنەیی، و. عوسمان حەمە ڕەشید گورون، چاپی دووەم، ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی، سلێمانی.

ـ کۆمەڵێک نووسەر (٢٠١٧)، قوتابخانەی فرانکفۆرت: ڕەخنە لە پۆزەتیڤزم و کۆمەڵگای نوێ، و. چەند وەرگێڕێک، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

ـ کۆمەڵێک نووسەر (٢٠٢٢)، سەرەتاکانی سۆسیۆلۆژیا، و. شوان ئەحمەد، چاپی سێیەم، ناوەندی فێربوون، هەولێر.

ـ مارکۆزە، هێربێرت (٢٠١٧)، ڕەهەندی جوانیناسی: بەرەو ڕەخنەیەک لە جوانیناسیی مارکسیستی، و. ڕامیار حسەینی، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.

**فەرهەنگ**

ـ ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١١)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

**گۆڤار**

ـ زاوەرلاند، کارۆل (٢٠١٢)، ڕێبەرییەک بۆ ئێستێتیکی ئادۆرنۆ، و. کاوە جەلال، گۆڤاری کۆنسێپت، ژمارە/ ٦.

### بە زمانی فارسی

**کتێب**

ـ بنیامین، والتر و دیگران (١٣٩٨)، زیبایی شناسی انتقادی: گزیده نوشته‌هایی در باب زیبایی شناسی از والتر بنیامین، هربرت مارکوزه و تئودور آدورنو، گردآورنده و مترجم: امید مهرگان، چاپ ششم، نشر گام نو، تهران.

ـ جوانلی، الساندرو (١٤٠٠)، متفكران بزرگ زیبایی شناسی، ت. امیر مازیار و دیگران، چاپ سوم، نشر لگا، تهران.
ـ جورشری، عباس نعیمی (١٤٠٠)، حیات اجتماعی هنر: مقدمه‌ای بر تاریخ و جامعه‌شناسی هنر، چاپ اول، انتشارات نقد فرهنگ، تهران.
ـ كوسه، ایو و آبه، استفن (١٣٨٥)، واژگان مكتب فرانكفورت، ت. افشین جهاندیده، چاپ اول، نشر نی، تهران.
ـ ماركوزه، هربرت (١٤٠٠)، بعد زیباشناختی، ترجمه و تألیف: داریوش مهرجویی، چاپ نهم، نشر هرمس، تهران.
ـ نوذری، حسینعلی (١٤٠٠)، نظریه انتقادی مكتب فرانكفورت در علوم اجتماعی و انسانی، چاپ هفتم، نشر آگه، تهران.
ـ همرمایستر، كای (١٣٩٩)، سنت زیباشناسی آلمانی، ت. محمدرضا ابوالقاسمی، چاپ اول، نشر ماهی، تهران.
ـ هینیک، ناتالی (١٣٨٤)، جامعه‌شناسی هنر، ت. عبدالحسین نیک گهر، چاپ یكم، نشر آگه، تهران.

**گۆڤار**

ـ آرام، علیرضا (١٣٩٣)، بعد زیباشناختی و قاعده طلایی؛ نگاهی به تعامل هنر و اخلاق در اندیشه هربرت ماركوزه، فصلنامه كیمیای هنر، سال سوم، شماره ١٢.
ـ بی نام (١٣٨٧)، مكتب فرانكفورت، پژوهشنامه فرهنگستان هنر، شماره ١٠.
ـ چیانه، آرزو حسین پور و دیگران (١٣٩٩)، بررسی اشعار نیما یوشیج بر اساس نظریه زیبایی شناسی انتقادی مكتب فرانكفورت، فصلنامه زیبایی شناسی ادبی، سال هجدهم، شماره ٤٣.
ـ شاهنده، نوشین و نوذری، حسینعلی (١٣٩٢)، ((هنر)) و ((حقیقت)) در نظریه زیباشناسی آدورنو، حكمت و فلسفه، سال نهم، شماره سوم.
ـ شجاع، آرمان (١٣٩٥)، اثر هنری و جهان تجربی: هنر هم چون منتقد جامعه در اندیشه آدورنو، جستارهای فلسفی، سال دوازدهم، شماره سی ام.
ـ طاهانسب، علی (١٣٩٨)، تحلیل شعر عارف قزوینی از دیدگاه نظریه زیبایی شناسی انتقادی، ادبیات و پژوهش های میان رشته‌ای، علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال اول، شماره دوم.
ـ فولادی، مهناز (١٤٠٠)، تحلیل جایگاه اجتماعی زنان در رمان های رضا براهنی بر اساس نظریه زیبایی شناسی انتقادی مكتب فرانكفورت، فصلنامه پژوهشنامه ادبیات داستانی، دوره دهم، شماره ٤.

**ـ نامەی ئەكادیمی**

ـ عباسی، رضا (١٣٨٨)، تحلیل دیوان فرخی یزدی بر اساس نظریه ی زیبایی شناسی انتقادی، پایان نامه كارشناسی ارشد، دانشكده علوم انسانی و اجماعی، دانشگاه مازندران.

- نمديان پور، نفيسه (١٣٨٧)، زيبايى شناسى از منظر هربرت ماركوزه، پايان نامه كارشناسى ارشد، دانشكده پرديس باغ ملى، دانشگاه هنر.

# جماليات نص " فتاة وطني الآن " لشيركو بيكاس من منظور نظرية الجمالية النقدية لمدرسة فرانكفورت


## الملخص

تعتبر النظرية الجمالية النقدية من أهم إنجازات مدرسة فرانكفورت، فنظرة هذه النظرية إلى الأدب وجوانبه الجمالية نظرة نقدية، بمعنى أنها تؤكد على البعد النقدي للأدب، وترى أن النص الأدبي تحمل في طياتها رؤية نقدية تجاه السلطة السياسية والظروف الاجتماعية وواقع المجتمع. وهذه الدراسة المعنونة بـ(جماليات نص (فتاة وطني الآن) لشيركو بيكاس من منظور نظرية الجمالية النقدية لمدرسة فرانكفورت) تهدف إلى تفسير وإبراز جماليات النص للنص المذكور لشيركو بيكس من منظور هذه النظرية.

ولتحقيق هذا الغرض اتبع البحث المنهج (الوصفي- التحليلي) واستناداً إلى فهم النظرية للفن والأدب الأصيل، وتمّ تسليط الضوء على نص (فتاة وطني الآن)، ليبرز من خلاله خصائص ومبادئ هذه النظرية في النص. وفي النهاية لابدّ من إظهار أن هذا النص يتفق مع وجهة نظر هذه النظرية في الفن والأدب وهو النص الأصيل وتنطبق عليه مبادئ هذه النظرية.


**الكلمات المفتاحية:** جماليات، النظرية الجمالية النقدية، مدرسة فرانكفورت، شيركو بيكس.